


شانۆنامە

# ئێعدامیی نەناسراوی ژمارە دوانزە

نووسەر:

## گراسیا مۆرالێس[1]



وەرگێران بۆ فارسی:

**پێژمان ڕەزایی**

وەرگێران لە فارسییەوە:

ڕەحمان عەزیزی

[1] Gracia Morales




# Gracia Morales

**گراسیا مۆرالێس یەکێکە لە دیارترین شانۆنامەنووسە هاوچەرخەکانی ئیسپانیا، هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا چالاکیەکی ماندوونەناسانەی لە فێرکردن و نووسینی بەرهەمە شانۆییەکاندا هەیە.**

**یەکێکە لە دامەزرێنەرانی گرووپی "ڕێمیندۆ تیاترۆ[٢]" وە هەرچەندە بەرهەمەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ ئەم گرووپەدا نمایش دەکرێن، بەڵام لە سەرانسەری ئەمریکای لاتین و ئەوروپا بە تایبەت فەرەنسا نمایش کراوە و ناسراوە. گراسیا مۆرالێس،یەکەم ئافرەتە کە خەڵاتی بەناوبانگی برۆدۆمینی وەرگرتووە.**

**گراسیا مۆرالێس لە ساڵی ١٩٧٣ لە شاری مۆتریل لە پارێزگای گرانادا لەدایکبووە .تەمەنی منداڵی لەم شارە کەنار دەریایەدا بەسەر بردووە و بۆ خوێندنی فیلۆلۆژیای ئیسپانی ڕوو دەکاتە گرانادا و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەم بوارەدا لە زانکۆی ئەو شارە وەرگرتووە.لە کۆتا ساڵی خوێندندا زەمالەی لە وەزارەتی پەروەردە و زانست وەرگرتووە.بە هەمان شێوە زەمالەی خوێندنی دکتۆرای پێبەخشرا.تێزی کۆتایی دکتۆراکەی لە ژێر ناونیشانی «ئارگێداس و کۆرتاسار»: دوو گەڕان بەدوای ناسنامەی ئەمریکای لاتین ،خەڵاتی باشترین تێزی بەدەستهێنا.ئەو دیسانەوە بۆ ماوەی دوای دکتۆرا لە «زانکۆی مۆنپیلیێر» زەمالەی پێبەخشراوە.ئێستا سەرۆکی بەشی ئەدەبی ئیسپانییە لە فاکەڵتی ئەدەب و فەلسەفەی زانکۆی گرانادا و وانەی ئەدەب و شانۆی ئەمریکای لاتین دەڵێتەوە.هەروەها چەندین وۆرک شۆپی شانۆنامەنووسیی ڕێکخستووە.**

**یەکەم ڕێبازەکانی «گراسیا مۆرالێس» بۆ شانۆ پاشخانێکی تەواو تیۆری هەبوو و لە خوێندنی لە بواری فیلۆلۆژییەوە دەستی پێکرد.**

**یەکدەنگی بەرهەمەکانی دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنیقووڵی ئەو لە تیۆری درامایە،هەرچەندە "ناوەندی شانۆی ئەندەلوس" کە بە ئامادەبوونی کەسایەتییە دیارەکانی شانۆی وەک "خۆسێ سانچێز سینیستێرا" و "سارا کەین" لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨ بۆ ٢٠٠٢ کۆنفرانسی ڕێکخست،ڕۆڵێکی گرنگی لە پەروەردەکردنی و شانۆنامەنووسەکانی دیکەی نەوەی خۆیدا هەبووە."خۆسێ سانچیسی سینیستێرا" هەمیشە بۆ مۆرالێس وە هاوچەرخەکانی " ڕۆڵی "ڕاهێنەر" و "باوک"ی هەبووە و خۆی چەندین جار دان بەو شتەدا ناوە.**

**"گراسیا مۆرالێس" یەکێکە لە دروستکەرانی مێزگردی نێودەوڵەتیی شانۆنامەنووسەکان وە وتەبێژی دەستەی بەڕێوەبەری شانۆنووسانی ئیسپانیایە و ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری سەنتەری شانۆی ئەندەلوسییە.**

**گراسیا مۆرالێس لە ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکاندا نووسیویەتی، بەڵام قەڵەمەکەی قەڵەمی دراما و ئەدەبەوە دراماتۆرێکی شانۆنامەنووسییە...لە بەرهەمەکانیدا کەشێکی ئەفسوناوی دروست دەکات وە لەم فەزایەدا سەرکەوتوو دەبێت لە دروستکردنی شانۆی بەهێز بە زمانێکی لیریکی.**

**لەم فەزایەدا خەیاڵ و واقیع تێکەڵ دەبن. بەگشتی لە بەرهەمەکانیدا دوو جیهانی جیاواز هەن کە لە یەک فەزادا پێکەوە دەژین، جیهانی زیندووەکانی ئێستا و مردووی ڕابردوو، کە هێشتا زۆر شتیان ماوە بۆ وتن کاتێک یەکتر دەبینن.**

**جەختکردنەوە لەسەر یەدەگ و یادەوەرییەکان هەمیشە لە بەرهەمە دراماتیکەکانیدا دەبینرێت؛ ئەو دەنگانەی ڕابردوو دەیانەوێت یادەوەری و ڕووداوەکانیان بگێڕنەوە و بینەر یان خوێنەر دەبێت بوێری گوێگرتنیان هەبێت.**

**هەرچەندە لە بەرهەمەکانیدا ئاماژە بە کۆمیدی هەیە، بەڵام زۆربەیان دراماگەلێکن کە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە قووڵ و بەرفراوانەکانی نووسەر لە ئەدەبی گێڕانەوەی ئەمریکای لاتین دامەزراون.توخمەکانی وەک: تێکەڵبوونی جیهانی زیندووەکان و مردووەکان، گەڕان بەدوایدا ڕاستی، زیندووکردنەوەی یادەوەری و ئارەزووی گۆڕینی دۆخێکی دیاریکراو بە ڕەخنەگرتن و گلەییکردن لێی.**

٢ Remiendo Teatro. https://www.remiendoteatro.com/remiendo/gracia-morales/

"خۆسێ ماریا ئارگیداس"، "جولیۆ کۆرتازار"، "خوان رۆلفۆ"، "خۆسێ سانچیس سینیسترا" لەو نووسەرانەن کە کاریگەرییان لەسەری هەبووە.


خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی بەرهەمەکانی؛ سیستەمێک کە مرۆڤەکان دەخاتە بەردەم سەختی جەنگەوە و نەهامەتی شەڕ، یان دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری.

هەروەها فیگەری ژنانە لە بەرهەمەکانیدا دیارە، وەک هاندەر وپاڵنەرێکی بەهێزلە بەرهەمەکانیدا دیارە. ئەو ژنانەی کە چیرۆکی بەهێزیان هەیە، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێرن لە پێشخستنی دراماکە. بەگشتی شوێن و کات لە بەرهەمەکانیدا ڕوون نین. وەک ئەوە وایە ئەم ڕووداوانە لە هەر کات و شوێنێکدا پێکبهێنرێن و دووبارە ببنەوە.

"مۆرالێس" لە بەرهەمەکانیدا بەدوای پەیامی ئایدیالیستیدا ناگەڕێت.بەڵام بە ڕوونی مەبەستی تێکدانی بینەرە، بە حوکم و پێشوەختەی بەهێز دێتە هەڵمەتی شانۆیی خۆی و بیرکردنەوە و نیگای خۆی لەم هەڵمەتە زەبەلاحە و لەرزۆکەدا دەردەهێنێت بۆ ئەوەی لە تەنیاییەکی دیکەدا لێیان بکۆڵێتەوە.

بەرهەمەکانی "مۆرالێس" بە هاوبەشی لەگەڵ گروپی "تیاترۆ رێمیێندۆ" لەسەر شانۆ ناوخۆییەکان نمایش کراون، هەرچەندە گروپەکانی دیکەش بەرهەمەکانی ئەویان پێشکەش کردووە.

بەرهەمەکانی  لە دەرەوەی سنوورەکانی ئیسپانیا لە مەکسیک و کۆستاریکا و شیلی و ئۆرۆگوای و ئەمریکا نمایشکراون، بەڵام لە فەرەنسا و ئەرجەنتین گرنگییەکی بەرچاویان بەدەستهێناوە.






**بەرهەمە دراماتیکەکان:**

**- بۆشاییەکە، لە نێوان ئاژەڵە کێوییەکان، بە هاوکاری "خوان ئەلبێرتۆ سالباتیێرا"، براوەی چوارەمین خەڵاتی لۆرکای شانۆی ئەندەلوسی لە ساڵی ٢٠١٦.**

**- لە فیلمی ئەڤێنچەرز (٢٠١٠) براوەی ١٢هەمین خەڵاتی شانۆی منداڵان و هەرزەکاران لە ساڵی ٢٠١١.**

**- لە نێوان دەرگا و دیوارەکان (٢٠٠٩)**

**- لە سێدارەدانی ژمارە دوانزە بەبێ ناو. (براوەی خەڵاتی کۆمەڵەی شانۆنووسانی ئیسپانیا لە ساڵی ٢٠٠٨.)**

**- برین. (٢٠٠٨-٢٠٠٦) (لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر نووسراوە).**

**- هەنگاوی خاو (٢٠٠٧)**

**- وە لە چی دەترسیت؟ (٢٠٠٦)**

**- دەرگا داخراوەکان (٢٠٠٥) (لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەردا نووسراوە).**

**- ئاسۆی زەرد لە چاودا (٢٠٠٣)**

**- شوێنی ستراتیژی (٢٠٠٣) براوەی خەڵاتی ڕۆمیرۆ ئیستیۆ (٢٠٠٣)**

**- تۆ وەک ئەوەی ئەمشەو بێت (٢٠٠٢)**

**- بەدوای پۆشاکی سووردا (٢٠٠٢)**

**- ٣٢/٧: مارتینێز رویز (٢٠٠١)**

**- پانزە هەنگاو (٢٠٠٠).**

**- پێشکەوتنەکان (٢٠٠٠.)**

**- بابەتی ناوبەناو (٢٠٠٠)**

**- فۆرمی ٥٢٢ (٣٧٧٧) (براوەی خەڵاتی دامەزراوەی شاری ڕێکێنا بۆ کاری کورت، ٢٠٠٠)**

**- سەیرکردنی مانگ (١٩٩٩)**

**- پچڕانی کارەبا (١٩٩٩)**

**- نمایشەکان (١٩٩٨)**

**- ڕەنگدانەوەی (١٩٩٨).**



**کارەکتەرەکان:**

**پزیشکی دادوەری: ژن، تەمەنی سی و چەند ساڵە.**

**ئێعدامی: ژن، تەمەنی سی و یەک ساڵە.**

**ئیستبان:پیاو، تەمەنی بیست و حەوت ساڵە.**

**پیرە پیاو: تەمەنی شەست و دوو ساڵە.**






# دیمەنی یەکەم

رووناکی نەرم

پیرە پیاو: لەبەردەم مێزێکی نووسین دانیشتووە، پشت لە بینەر.

رووناکییەکە لەسەری چڕ بووەتەوە و شوێنێکی زۆر سنووورداری رووناک کردووەتەوە، تەنیا ئەو کە رووی لە مێزی نووسین کردووە.

لە دۆخێکدا، نیوە دەموچاوی دەبینین: تەمەنی نزیکەی شەست ساڵە، چاویلکە لە چاو دایە.رۆژنامەیەکی بە دەستەوەیە و خەریکە دەیخوێنێتەوە.لە ساتێکی دیاریکراودا بابەتێک سەرنجی ڕادەکێشێت.بە پەرۆش و بە وریاییەوەلەبەردەم خۆیدا دەیخوێنێتەوە.پاشان بە وریاییەوە لە لاپەڕەی رۆژنامە جیای دەکاتەوە و دەیهێنێت.پاشان بە وریاییەوە لە لاپەڕەی رۆژنامە جیای دەکاتەوە و دەریدەهێنێت.بابەتەکە لە دەستی ئەودا دەمێنێتەوە.

لەم ساتەدا کە ئەم کارەکتەرە تەرکیز لەسەر ئەو لاپەڕەیە دەکات کە سەرنجی ڕاکێشاوە، دیمەنێکی تری هاوکات، کە فەزایەک کەمێک گەورەترە لەکەش و هەوای پیرە پیاوێکی هەیە، رووناک دەبێتەوە.

لەشوێنی دووەم(جگە لەو رووناکیەی کە لەسەر پیرە پیاوەکە تەرکیز کراوە، باقی دیمەنەکە لە تاریکیدایە)کەسێک بۆ ئەوانەی نایانبینین زنجیرەیەک وێنە لەسەر شاشەی سلایدنمایش دەکات.وێنەکانی گۆڕێک بەکۆمەڵن.

لە سەرەتای سلایدەکەدا گوێمان لە دەنگی ژنێک دەبێت کە وێنەکان ڕوون دەکاتەوە. وێنەکان بەپێی وەسفی ژنەکە دەگۆڕدرێن.

دەنگی ژن: دوابەدوای لێدوانی بەشێک لە خەڵکی گوندەکە، لە ١٩ی فێوریەدا چووینە ئەو ناوچەیەی کە پێی دەڵێین بەشی باکور.چەندین دەنگدان بۆ دیاریکردنی شوێنەکە ئەنجامدرا.لەناو بیرێکدا، دوای ئەوەی بە شۆفڵێک خاکەکە لادرا، پاژنەی پێڵاوێک هاتە دەرەوە. بەم جۆرە گۆڕە چوارگۆشەیەمان دۆزیەوە کە ڕەهەندەکانی یازدە مەتر درێژی و پانی نزیکەی دوو مەتر و قووڵی یەک مەتر و بیست سانتیمەتر بوو. کە پێی گوترا گۆڕی ژمارە ١-ی باکور.پاشماوەی دوانزە تەرمی ئێعدامی ئەناسراو لەوێ دۆزرایەوە.وەک لە وێنەکاندا دەیبینن ئێسکەپەیکەرەکان تەواون و لە بەشی پێویست پێکهاتوون. لە ڕادەی نارێک و پێکی پاشماوەکان و پێگەی ئەوانەوە دەکرێ وا گریمانە بکرێت کە مرۆڤەکان لە لێواری گۆڕەوە فڕێدراونەتە ژوورەوە.هیچ شوێنەواری دار و کەرەستەی دیکە نەدۆزراوەتەوە کە ئاماژە بەوە بکات کە خەڵک لەناو سندوق یان تابوتدا نێژراون. بۆیە ئێمە ڕووبەڕووی ناشتنێکی هاوکات و نهێنی و بەکۆمەڵ دەبینەوە.لە تەنیشت ئێسکەپەیکەرەکان، هەندێک کەلوپەلی پەیوەندیدار، پاشماوەی جلوبەرگ، دوگمە، زیپ، بەستن، پێڵاو، کاتژمێرێک، زنجیرێک و بەشێک لەو تەقەمەنیانە دۆزرایەوە کە بووتە هۆی مردن.ئەم کەلوپەلانە لەگەڵ پاشماوەی ئێسکی ئێعدامیە ئەناسراوەکاندا دەگەیەنرێن، کە دەبێت دەستنیشان بکرێن.

لەم ساتانەدا گروپی شوێنەوارناسی ڕوویان لە ڕۆژهەڵات کردووە،وخۆیانگواستۆتەوە، ئێمە لە ناوچەی دووەم کار دەکەین بەبێ ئەوەی بتوانین بۆچوونێکی دیاریکراو لەسەر هیچ شتێک دروست بکەین.

تکایەڕووناکی.




**( ئەم بەشەی دیمەنەکە ڕووناک دەکرێتەوە. ئێمە لە تاقیگەیەکی پزیشکی دادوەریین. ئەو کەسەی قسە دەکات ژنێکە لە تەمەنی سی ساڵاندایە و عەبایەکی سپی، پزیشکی دادوەری لەبەردایە.**

**لەم ساتەوەختەوە وردە وردە ڕووناکی لەسەر پیرەمێردەکەدا کاڵ دەبێتەوە و تاریک دەبێت.)**

**پزیشکی دادوەری: پرسیار؟**

**(لەم بەشەدا، پزیشکی دادوەری لە خاڵە جیاوازەکاندا قسە دەکات، کە لە یەکترزۆر دوور نییە، ئەمەش وا دەکات کە وەڵامی پرسیاری بینەران دەداتەوە کە ناتوانین بیبیستن).**

**تکایە!**

**(دوای گوێگرتن لە پرسیارەکە).**

**بە هەمان شێوە ژمارەیەک ئەفسەر دەنێردرێت بۆ گەڕان بەدوای کەسوکاریاندا. بەگشتی پانزە بنەماڵە، بەڵام تەنها پاشماوەی دوانزە تەرمیمان دۆزیەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بڕیاردرا بازنەی هەڵکەندنەکان لە ناوچەکە فراوانتر بکرێت. لیستی دەرئەنجامەکان لە پرۆفایلی پێش مردنی کەسە ونبووەکان ئامادە دەکرێت، کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەگاتە دەستتان.**

**(دوای بیستنی پرسیارێکی تر).**

**نەخێر. من داوای لێبوردن دەکەم. ئێمە لەم بارەیەوە نازانین.**

**(دوای بیستنی پرسیارێکی تر).**

**بەڵێ بەڵێ هەمووی بە چەکی گەرم. پاشماوەی تەقەمەنی دۆزرایەوە کە پەیوەندییان بە دەمانچە کورتی ٩ میلەکانی براونینگەوە هەیە. ئایا پرسیارێکی تر هەیە؟**

**(گوێ دەگرێت. پاشان وەڵام دەداتەوە)**

**بریتین لە،چەکی کەمەر بە دوو کالیبەر هەیە: درێژی ٧mm و ٢٢mm.**

**نا هێشتا نا. نەک ئەوەی ئێمە کاری نهێنی دەکەین، کە دوێنێ گەیشتین، ڕۆژنامەکان لەو شوێنە ئامادە بوون و دەزانن کە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەردەوامە، بەڵام ئێمە پێمان باشە بۆ ئێستا قسە لەسەر ئەنجامەکان نەکەین. گرنگە بتوانین بە ئارامی کارەکانمان ئەنجام بدەین، بەبێ فشاری دەرەوە... پرسیارێکی تر؟... زۆر باشە. ئاگادار دەکرێیتەوە کە هەر ئێسکەپەیکەرێک هی کێ بووە. زور سوپاس بو گرنگی دانتان.**




## دیمەنی دووەم

(تاقیگەی پزیشکی دادوەری). لەسەر مێزێکی درێژ، ئێسکەپەیکەری مرۆڤێک.

لە دیمەنەکەدا ژنێکی گەنج و تەنیا هەیە.ئێعدامیێکی بێ ناوە. بە کنجکاویەوە بە شوێنەکەدا دەسوڕێتەوە و سەیری هەموو شتێک دەکات.

شتەکان هەڵدەگرێت و بە وردی سەیری دەکات. کاتێک دەیانخاتەوە شوێنی خۆیان، هەوڵدەدات پێشتر هەموو شتێک لە شوێنی خۆیدا دابنێت.

دوای ساتێک پزیشکی دادوەری دەێتە ژوورەوە.گرنگی بە ژنەکە نادات. دەچێتە سەر مێزەکە.ئەو شتانەی پێشتر لە تۆمارکەرێکدا تۆماری کردبوو لەکاتی سەیرکردنی ئێسکەپەیکەرەکەدا دەیگێڕێتەوە.

دەنگی پزیشکی دادوەری (لە تۆمارە دەنگییەکەدا): لە ٩ی مارس دا، ئەو سندوقەم پێگەیشت کە پەیوەندی بە کەسی ژمارە ١٢ەوە هەبوو.

ئێسکەپەیکەرەکە نزیکەی بە تەواوی پارێزراوە.

بە لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییەکانی ئێسکەکان، هەندێک دەرەنجام بەدەست هات، کە لە خوارەوە کورت دەکرێنەوە.

شیکاری حەوز و کەڵەسەر ئاماژە بەوە دەکات کە ئێسکەپەیکەرەکە هی ژنێکە، لە ڕەگەزی سپی پێستی دەریای ناوەڕاستە.

بۆ خەمڵاندنی تەمەن، کۆتایی بڕبڕەی پشتی چوارەم، ڕووی شێوەی گوێی هێلکە، لکاندنی کۆئەندامی زاوزێ، وەرینی ددان، پلەی یەکگرتنی برینی سەر، گۆڕانکارییە تیشکییەکان و گۆڕانکارییەکانی هیستۆمۆرفۆمێتری لەبەرچاو گیران.

لە ئەنجامە بەدەست هاتووەکانەوە دەردەخەم کە جەلادی نەناسراو لە کاتی مردنیدا تەمەنی لە نێوان بیست و نۆ بۆ سی و دوو ساڵ بووە.

(هەروەها ئێعدامی نەناسراو لە مێزەکە نزیک دەبێتەوە و سەیری ئێسکەپەیکەرەکە دەکات).

دوای پێوانەکردنی ڕان و شانە و بەکارهێنانی فۆرمولەی کروگمان-ئیسکان، باڵای کەسی ناوبراو بە یەک مەتر و شەست و دوو پلەس/مینۆس سێ سانتیمەتر مەزەندە دەکرێت. وەلاواز.

(وچان.)

سە بارە ت بە هۆکاری مردنە کە ی، ئە و برینانە ی کە بە هۆی لێدانی فیشە کە کە وە دروست بوون دە توانرێت لە کە ڵە رە کە دا ببینرێت، ڕێرە ویە کی پێچەوانە-پێش و لە سە رە وە بۆ خوارە وە لە گە ڵ کونە ی هاتنە ژوورە وە ودەرچوون تێیدا.

(ئەندامی ئێعدامی کەمێک لەرزێک دروست دەبێت. لە ئێسکەکان دوور دەکەوێتەوە).

لە قاپووڕە دۆزراوەکانی گۆڕەکەدا و تایبەتمەندی زیانەکانی، دەردەکەوێت کە کالیبەری ٧ ملم بەکارهاتووە.

(بێدەنگییەکی کورت.تۆمارکردنەکە تەواو بووە. پزیشکی دادوەری دەفتەرێک لە گیرفانی پاڵتۆکەی دەردەهێنێت.بۆ ساتێک سەیری دەکات.پاشان تۆمارەکە دادەگیرسێنێت و لەسەری قسە دەکات.)




پزیشکی دادوەری: ١٣ی مارس.

پاشماوەی هەوکردن لە ناوچەی دانیشتووی کۆئەندامی زاوزێدا بەدی دەکرێت.

هەموویان ئاماژەن بۆ هەوکردنی دوای منداڵبوونە.

بۆیە دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە ئێعدامی نەناسراوی ژمارە دوانزە دوای دە بۆ پانزە ڕۆژ لە دوای منداڵبوونی کوژراوە و تووشی هەوکردنێکی چارەسەرنەکراو بووە.

(وچان.)

هیچ نیشانەیەکی دیار لە ئەشکەنجەدان نەبوو.

(تۆمارکردنەکە دەوەستێنێت. دەست لە پێشەوەی سەری دەدات.پاشان کەڵەسەری سەر مێزەکە لادەبات و پشکنین بۆ کونەکەی بەشی پێشەوەی کەڵەسەرەکە دەکات. کەڵەسەرەکە دادەنێت و دیسانەوە تۆماردەکات)

تایبەتمەندییەکی تایبەت لەسەر کەڵەسەرەکە دەبینرێت. ئێسکی گەورەی فۆنتانێل یەک نەگیراوە.

(بێدەنگ دەبێت، تۆمارکەرەکەی دەستی تۆمار دەکات، دووبارە دەست لە هەمان خاڵی سەری دەداتەوە).

ئێعدامی: (لە کاتێکدا بۆ یەکەمجار سەیری پزیشکی دادوەری دەکات - بە جۆرێک لە کنجکاوی سەیر دەکات.) تۆش؟/ ئەم کونە/ لەوێ/ تۆ/ تۆش؟

پزیشکی دادوەری: (لەکاتێکدا دووبارە تۆمارکەرەکە لە دەم نزیک دەکەیتەوە).

گروپی پزیشکانی ددان سبەی کار لەسەر مەلەفی ددان دەکەن.

ئێستا بڕیارە نمونە وەربگرم بۆ شیکاری DNئ.

( پزیشکی دادوەری تۆمارکردنەکە ڕادەگرێت. دەستکێشی لاتەکس دادەکەنێت و دەیخاتە سەر دەستەکانی).




## دیمەنی سێیەم

(لە کاتێکدا پزیشکی دادوەری وێنەی پاشماوەکان دەگرێت، ئێعدامی بە نەرمی قسە دەکات. قسەکانی هەندێک جار چەقبەستوو دەبێت.بەڵام هەر جارێک ئەو وشەیە نادۆزێتەوە کە بەدوایدا دەگەڕێت، دەگەڕێتەوە و دووبارە هەوڵ دەداتەوە. بەهۆی نادڵنیایی یان نەبوونی ئیرادە نییە؛ وەک ئەوە وایە قسەکەی شکاوە و ناچار بێت جارێکی دیکە دایبخاتەوە.)

ئێعدامی:: زەوی، زەوی، پڕە لە دەنگ. لەوێ، لەوێ خوارەوە قسە دەکەین،پێکەوە قسە دەکەین.

ئێمە شتەکان بە یەکتر دەڵێین، چیرۆک بۆ یەکتر دەگێڕینەوە.

ناو.

تەمەن.

شارەکانی هەریەکەمان.

بۆچی ئێمەیان گرت؟

ئەو دیمەنە چۆن بوو؟ کە،

نیگای کەسێک کە...

ڕوانین.

دەنگەکان.

دەنگە شکاوەکانی لە خاکدا.

وە زۆر بە هێواشی، بە وریاییەوە گوێیان لێ بگرە.و بیستنی زۆر بە هێمنی، بە وریاییەوە

پیاوێک ئەمانەی نەبوو

«دەستەکانی خۆی نیشان دەدات.»

هەر جووتەکی.

وە بەردەوام دووبارەی دەکردەوە بۆچی بریتان؟

بۆچی؟

ئەم گەوادانە چ هۆکارێکیان هەبوو؟

هەمیشە ئەمەی دووبارە دەکردەوە.



یەکێکی تر، کەسێکی کۆنتر، کێ؟

باسی ژنەکەی دەکرد.

دەنگی ئەو

پێکەنینەکەی

فۆڕمی بچووکی شتەکەی،

شتەکە

(پەنجەکانی دەجووڵێنێت بەڵام وشەکە نادۆزێتەوە. بەردەوام دەبێت)

لەبیرهێنانەوە

وەوە بیرهێنانەوە

وە بیرکردنەوە لە منداڵێک کە لە ڕێگادا.

کچە یا کوڕ؟

بۆ چل ساڵی دوائییش  بەردەوام بوو.

کچە یا کوڕ؟

تا ئێستاش خەریکی پرسیارکردنە لە خۆی.

زەوی زیندووە

پڕە لە

لە

لە ڕووداوەکان

لە هاوارەکان

مردووە تازەکان

بەهێزترین و ڕەسەنترینن

و بەهیچ شێوەیەک"

گوێ بە هیچ شتێک نادەن، وهیچ شتێکیان بەلاوە گرنگ نییە.



پاشان خوو دەگرن

به تاریکی

به بۆنی تەری وتەڕبوون

به بۆنی زۆرزۆر تەڕ

واز له گریان دێنن و فێر دەبن.

ژێر خاک،

وشەکان

چۆن دەلەرزن وشەکان

بۆ چەندین کیلۆمەتر دەجولێن،

چەندین فەرسەخ

بەم جوەر ،لەم ڕیگایەوە.

و دەگەن

به پاکی دەگەن.

کەسێک دەڵێت

"ئیتر هیچ شتێک ئازارم نادات"

"لێرە مێز و مەنجەڵ ئاوی سارد نییە، ئیتر لێرە ناتوانن ئازارم بدەن"

دواتر ژنێکی گەنج، منداڵتر وەک کچێکی بچووک:

باوکم، باوکی هەژارم، دوای من شێت دەبێت، دەزانم، ئەوەندە بەدوای مندا دەگەڕێت که شێت دەبێت، دەزانم، تا من نەدۆزێتەوە ناوەستێت، ئەوەندە کله رەقە، باوکه هەژارەکەم.

هەریەکەیان به دەنگی خۆیان. هەندێکیان هەمیشه تورەن.

بەسه بووڵه بووڵ و ژاوەژاو! کێ گرنگی به چیرۆکەکانت دەدات؟ ئای به نەفرەت بێت، تەنانەت لم خوارەوەش ناتوانیت چێژ له بێدەنگی بریت.

«به نەرمی پێدەکەنێت.»

(پێکەنین کۆتایی دێت.)




**کەسێک لەوێ گۆرانی دەڵێت**

**یەک کەس ، هەمیشە هەمان گۆرانی دەڵێت**

**( سەرەتای گۆرانییەکەی لیلی مارلین چرپە دەکات).**

**[3]Vor der Kaserne**

**Vor dem großen Tor**

**Stand eine Laterne**

**Und steht sie noch davor**

**So woll'n wir uns da wieder seh'n...**

**(لەبەردەم سەربازگەکە**

**لەبەردەم دەروازە گەورەکە**

**فانووسێکە**

**وە هێشتا لەبەردەمیدایە**

**بۆیە دەمانەوێت جارێکی تر لەوێ یەکتر ببینینەوە...)**

**وشەکان،**

**لەوێ،**

**لەوخوارەوە**

**لەگەڵ بێزاری هەندێک جار.بەبێ هیوایی هەندێک کات.**

---

لەبەردەم سەربازگەکە [3]
بەرامبەر دەروازەکە
گڵۆپێکی کارەبایی بوو
وە هێشتا لەوێیە
لەوێ جارێکی تر کۆدەبینەوە
.لە ژێر گڵۆپی کارەبایی دەبین



لەگەڵ

لەگەڵ

ترس .

بە تووڕەییەوە

وە لە دوورەوە دەبیسترێت.

وەک ئەوە وایە هەموو مردووە بێ ناوەکان پێکەوە کۆببنەوە.

بۆ ئەوەی کۆبکرێنەوە

لە کاتێکدا کە پێکەوە فشاریان لەسەرە،

قسەی یەکتر دەبیستین.

بۆ ئەوەی کەمتر بە تەنیا بین.

ئێستا تۆ ئێمە دەکێشیتە دەرەوە.

تۆ لەیەکمان دەدڕێنی

ئێوە جیامان دەکەنەوە و .

برین،

ڕێک و پێک و ڕێک و پێک

ئێوە بڵاومان دەکەنەوە.

واتە دەتانەوێت گوێتان لە هەموو شتێک بێت

هەموو شتێک کە...کە بۆ ئێوەمان هێناوە تاوەکو بۆتان باس بەکەین؟

# دیمەنی چوارەم

تاقیگەی پزیشکی دادوەری.

پزیشکی دادوەری و گەنجێک - "ئیستبان" - بە بێدەنگی سەیری ئێسکەپەیکەرەکە دەکەن لەسەر مێزەکە.

"لە سێدارەدان" سەیری ئەوان دەکات.

ئیستبان دەیەوێت ئارام دەربکەوێت، بەڵام هێمن نییە.

هەوڵ دەدات ئارامیی نیشان بدات؛ وەلە بردەوامی دیمەنەکەدا ئەم هەوڵە دیارە.

ئیستبان.- تا چەندە لەوێ بووە؟

پزیشکی دادوەری.- ئەگەر باوەڕ بە قسەی ئەو کەسانە بکەین کە گۆڕیان نیشان داین بیست و حەوت و هەشت ساڵ. ئێمە ئەمەمان دۆزیەوە.«زنجیرێکی تابلۆی ملی دەداتێ.»

تاکە شتێک کە لەگەڵیدا بوو.

ئیستبان.- «لە کاتێکدا سەیری تابلۆکە دەکات.»: پ. ل. ئە.

پزیشکی دادوەری.- لە دەستیدا بوو. «دەستی مست دکا.» بەم جورە لە دەستی ڕاستیدا، ئێمە زانیاری زۆرمان لە توێژینەوەکانی پزیشکی دادوەری وەرگرت. دەتەوێت بزانیت؟

ئیستبان.- بەڵێ.

پزیشکی دادوەری.- باڵای نزیکەی یەک و شەست و دوو بووە. با بڵێین کزولاواز. تەمەنی لە نێوان بیست و نۆ بۆ سی و دوو ساڵ بووە.

(ئێستبان هێشتا سەیری پاشماوەکان دەکات. تابلۆکە لە تەنیشتیان دادەنێت.)

لە تەنیشت تەرمەکانی دیکە دۆزرایەوە. لە تەنیشت یازدە تەرمی ترەوە. کەهەموویان پیاوەن ،ئێمە هەوڵ دەدەین بە هەمان شێوە دەستنیشانیان دەکەین.

ئیستبان: من بە خەیاڵمدا دێت کە ئەو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەوانی تردا نەبووە. وانییە؟

پزیشکی دادوەری: نەخێر. بەپێی نمونەی DINA هیچ پەیوەندییەک نییە.

ئێعدامی:(تازە خەریکە لە بابتەکە تێدەگات) نەخێر، بە هیچ شێوەیەک نابێت و ناکرێ.

ئیستبان: (دوای وەستانێک.) ئایا شتێکی تر هەیە؟




**پزیشکی دادوەری: کار لەسەر ددانەکان دەکەن. لەوێوە دەتوانین زانیاری زۆر وەربگرین. کۆئۆردینیاتی ددانی هەر کەسێک تایبەتە. ئایا ئەوەت دەزانی؟**

**ئیستبان: نەخێر**

**پزیشکی دادوەری: پشکنینێکی دیار هەیە.لەسەر کەڵەسەری،لێرە،سەیرکە.سەیری ئەم کونە بکەن.  پێی دەوترێت فۆنتانێلی گەورە. بەگشتی لە تەمەنی دوو ساڵیدا ادەخرێت.**

**بەڵام کەسانێک هەن کە،کەسانێکی  کەم هەیە کە  ئەم کونە لەسەر سەریان کراوەیە.مەترسیدار نییە،بەڵام لە بەر چاوە. ڕەنگە ئەمە یارمەتیدەرمان بێت.**

**ئیستبان: من شتێکی وام نییە.**

**پزیشکی دادوەری: بە میراتی نییە.**

**(ئێعدامی نەناسراو،  زۆر سەرلێشێواو دیاری دەکات.لێیان دوور دەکەوێتەوە. لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات.ئاماژەی نکۆڵیکردن دەگرێت، وشە و ڕستە دەڵێت کە ئێمە نابیستین.)**

**ئیستبان: (لەکاتێکدا سەیری کەڵەسەرەکە دەکات.) ئایا ئەمە شوێنە جێ فیشەکە؟**

**پزیشکی دادوەری: (لەکاتێکدا هەوڵدەدات بێباک نەبیت) بەڵێ.**

**ئیستبان: چۆن تەقەیان لێکردوە؟**

**پزیشکی دادوەری: لە پشتەوە. تەنها یەکجار.**

**(لە جەستە دوور دەکەوێتەوە).**

**پزیشکی دادوەری: شتێکی تر هەیە. پێمان وایە مردنی کەمێک  پێش منداڵ بوونی بووە. ئێمە هەوکردنێکمان لەسەر ناوچەی کۆئەندامی زاوزێی دۆزیەوە. بۆیە تۆ کەمێک پێش مردنی لەدایک بوویت. تێدەگەیت؟**

**(وەستان. وردە وردە ئەو ڕەفتارە ئارامەی کە ئیستبان تا ئێستا نیشانی داوە تێکدەچێت. بە جۆرێک لە نائارامی دەجووڵێت وهەلسوکەوت دەکات).**

**پزیشکی دادوەری: لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکانەوە کاتێکی زۆر تێنەپەڕیوە.  بەڵام پێمان وایە لە ژێرەدا هەزاران ئای ئێن تریش هەن.**

**ئیستبان: ئای ئێن ؟AN**

**پزیشکی دادوەری: کورتکراوەی ئێعدامێکی نەناسراو.**

**(ئێعدامی نەناسراو کە هێشتا گۆشەگیرە، بێ ئەوەی سەیری ئەوان بکات هەروابێدەنگە ).**

**ئیستبان: ئەگەر ڕاستییەکەیت دەوێت، کاتێک بڕیارمدا پرۆفایلی خۆم بکەم و پشکنینی خوێنم بکەم، بیرم لەوە نەدەکردەوە... پێم وا نەبوو کە ئەوەندە زوو پەیوەندیم پێوە بکەن... مەبەستم ئەوەیە ئایا دەتوانن ناسنامەی بکەن ؟**




**پزیشکی دادوەری:** ئێمە هەوڵ دەدەین.

**ئیستبان:** ئەوە مانای ئەوەیە کە بەگشتی دەتوانرێت؟

**پزیشکی دادوەری:** ئەوە بەندە بەو زانیاریانەی کە بەدەستمان دەگات.

**ئیستبان:** چەند لەو تەرمە مردووانەی کە دۆزیویانەتەوە لێرە بە ناوە دەرچوون؟

**پزیشکی دادوەری:** پێم وتیت، ماوەیەکی زۆر نییە کار لەسەر ئەو جۆرە حاڵەتانە دەکەین. هەروەها هەموو حاڵەتێک جیاوازە.

**ئیستبان:** ڕاستە... هەموو حاڵەتێک جیاوازە، وە هەزاران حاڵەتی لەم جۆرە هەیە، تۆ خۆت ئەوەت وت، ڕاستە؟ مەبەستم ئەوەیە، لە ڕاستیدا... وەک ئەوە وایە لەکادێنێک دا بەدوای دەرزییەک بگەڕێت. دەرزییەکی بچووک لەناوکادێنێکی گەورەدا...

**پزیشکی دادوەری:** هەرچییەک پێویست بێت...

**ئیستبان:** (ئاماژە بەوە دەکات کە نابێت بەردەوام بێت.) ساتێک... تکایە...

**پزیشکی دادوەری:** بڕێک ئاوت بۆ دەهێنم. (دەچێتە دەرەوە.)

**ئیستبان:** (کاتێک دەبینێت پزیشکەکە نەماوە، واز لە خۆنمایشکردن دەهێنێت و دەڕوات، پشت بە مێزەکە دەبەستێت، وەک ئەوەی وەستانی قورس بێت بۆی).

**ئێعدامی:** ( بۆ ساتێک لە گۆشەگیریەکەی دێتە دەرەوە و سەیری دەکات. لێی نزیک نابێتەوە، تەنها سەیری دەکات).

**ئیستبان:** ( وردە وردە ڕاست دەبێتەوە و خۆی دەبینێتەوە).

**پزیشکی دادوەری:**( بە پەرداخێک ئاوەوە دێتە ژوورەوە.)

**ئێعدامی:** ( لە خۆیدا نوقم دەبێتەوە).

**پزیشکی دادوەری:** هەست بە باشتر بوون دەکەیت؟

**ئیستبان:** (دڵنیای دەکاتەوە.)

**دکتۆر:** (پەرداخ ئاوەکەی پێدەدات.)

**ئیستبان.-** سوپاس.

**پزیشکی دادوەری:** سەیرکە، ڕاستە تا ئێستا ئومێدێکی ئەوتۆمان نەبوو. هیچ کام لەو بنەماڵانەی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکە ئاگاداریان کردینەوە.هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەودا نییە. کەس بەدوای ژندا نەدەگەڕا. ئێمە هیچ شتێکی یەکلاکەرەوەمان لە ئەرشیفی ونبووەکانی ئەو ناوچەیەدا نەدۆزیەوە...

بەڵام کاتێک تۆمان ناسی، ئەگەری نوێمان بۆ کرایەوە.

**ئیستبان:** لەگەڵ من؟ تۆ بۆ خوتدەزانی... من... هیچ نازانم.




**پزیشکی دادوەری:** ناوی بنەماڵەیی وخێزانیت، بۆ نموونە،ئێمە نازانین ناوی کۆتایی دایک و باوکت دروستە یان کاتێک تۆیان تۆمار کردووە ئەو زانیاریانەیان گۆڕیوە.

**ئیستبان:** نەخێر. ناوی بنەماڵەیی وخێزانیم هیچ سوودێکی بۆ تۆ نییە. لەو شوێنەی من بووم زۆر کەسیان بەم ناوی کۆتاییەوە تۆمار کرد. ناوی بنەماڵەی دامەزرێنەرانی ئەو ناوەندە. کاتێک بنەچە و بنەچەی کەسێک بۆیان ڕوون نەبوو، ئەم ناوە کۆتاییەیان بەکاردەهێنا.

**پزیشکی دادوەری:** بەڵام لەوێ، لە خانەی بێ سەرپەرەستان، دەبێت کتێبی تۆمارکردن هەبێت.

**ئیستبان:** منیش وا بیرم کردەوە. وە هەوڵمدا ڕێگەم پێ بدەن بیبینم. بەڵام پێیان وتم هەموو شتێک لەدەستچووە.

**پزیشکی دادوەری:** هەندێک جار بە فەرمانی دادگا، کاغەزی ونبوو دەدۆزرێتەوە.

**ئیستبان:** دەدۆزرێتەوە؟ بەڵام بۆ دەبێت درۆم لەگەڵ بکن؟

**پزیشکی دادوەری:** بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ بێگومان کەسانێک هەبوون وئێستاش هەن کە نایانەوێت هەموو شتێکی ڕووداوەکان یان بەشێکی ئەوەی ڕوویداوە ئاشکرابکرێت .

**ئیستبان:** ئەوا من پەیوەندیم بە چیەوە هەیە...؟

**پزیشکی دادوەری:** دەتەوێت ڕاستییەکان بزانیت؟

**ئیستبان:** هەر بۆیە هاتوم.

**پزیشکی دادوەری:** هەمیشە ڕاستییەکان دەستبەجێ نادۆزرێتەوە.

**ئیستبان:** ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێم.

**پزیشکی دادوەری:** وە هەندێک جار ئەوە نییە کە چاوەڕێی بیستنی دەکەیت. دەتوانین فشاریان لەسەر بکەین کە ڕێگەمان بدەن پێداچوونەوە بە ئەرشیفەکاندا بکەین. بەڵام پێویستمان بە ڕەزامەندی ئێوەیە. تێدەگەیت

**ئیستبان:** بەڵێ.

**پزیشکی دادوەری:** هاوکاریمان دەکەیت؟

**ئیستبان:** بەڵێ.




# دیمەنی پێنجەم

**تاقیگەی پزیشکی دادوەری.**

**ئیستبان و ئێعدامی نەناسراو.**

**ئێعدامی: هێشتا زۆر دوورە، هەمان ئەو شوێنەی کە لە دیمەنی پێشوودا بوو.**

**ئیستبان: (سەرقاڵی سەیرکردنی ئێسکەپەیکەرەکەی سەر مێزەکە.)**

**ئێعدامی: ئیتر لەم ئێسکانەدا نییە. زیاتر نا. تەنانەت ئەگەر تەماشایان بکەیت و تەماشایان بکەیت.**

**ئیستبان: من ناوم ئیستبانە.**

**ئێعدامی: نەخێر.**

**ئیستبان: من تەمەنم بیست و حەوت ساڵە... باشە، تۆ ئەم یەکەیان دەزانیت، بێگومان... من لە کارگەی دارتاشێک کاردەکەم. من هاوسەرگیریم نەکردووە، کچە هاوڕێشم نییە. با بڵێین من کەسێکی تەنیام.**

**ئێعدامی: زۆر، زۆر، ئێستا درەنگ بووە، زۆر!**

**ئیستبان: من... تۆم لەبیر نییە. باوکیشم بیر ناێتەوە. ئاسانتر دەبوو ئەگەر بتوانم شتێکم لەبیر بێتەوە: ئازارێک، وێنەیەک، دەنگتان...، ئێستا دەمتوانی قسەت لەگەڵ بکەم... بە شێوەیەکی تر... نازانم. بەڵام هیچم لەبیر نییە. لە خانەی هەتیوەکان پێیان وتم کە بە تەنیا جێیان هێشتووم. زۆر حاڵەت وەک من بوون، هەمیشە هەمان شتیان دەگوت. جێیان هێشتون. چ زووڵەن! هەموو منداڵیم بە تووڕەیی و شەرمەوە لە خۆم پرسیم بۆچی دایک و باوکم لە رێگە بە جێیان هێشتووم؟**

**ئێعدامی:(لێی نزیک دەبێتەوە) درۆیان لەگەڵ ئەم ژنەش کردوە، تێدەگەی؟ئەو... ئەو بیریکردەوە.. چونکە پێیان وتبوو... پێی وابوو کە تۆ....**

**ئیستبان: دەزانی تا تەمەنی یازدەساڵی جێگاکەم تەڕ دەکرد؟ لەسەر ئەمە سزایان دەدام.هێشتا هەندێک جار خەون دەبینم ،کەلە خەودا جێگاکەم تەڕ دەکەم، بە ترسەوە لە خەو هەڵدەستم،خووساو وتەڕ لە ئارەقە دا،چاوەڕێی ئەوەم کە بە شوولکی تەر دارکاریم کەن.**

**ئێعدامی:ئەو نەیدەزانی!**

**ئیستبان.- (بە نیوە زەردەخەنەوە.) ڕەنگە کەمێک لە گەمژەیەک بچم... کە هەموو ئەم شتانە بۆ ئێسکەپەیکەرێک ڕوون دەکەمەوە.... بەڵام... زۆر شتم لە دڵ دایە ... حەزم لە گوڵ و ڕووەک هەیە. لە ماڵەکەمدا گوڵ و ڕووەکێکی زۆرم هەیە. من بە باشی ئاگاداریان دەکەم. کاتێکی زۆریان بۆ بەسەر دەبەم.**




**ئیستبان.- هەروەها حەزم لە خوێندنەوەیە. بە تایبەت ڕۆمانی سەفەر. (وەستانێکی کورت.) خۆزگە دەمتوانی بە زیندووی بتدۆزمەوە، دوای ئەم هەموو ساڵە. بۆ ئەوەی بەڕاستی قسەت لەگەڵ بکەم. بەڵام ئێستا چی دەکەم؟! هان؟ ئەوە من چی ئەکەم بۆچی هیوام لەدەست نەداوە بە زیندووی بتدۆزمەوە ؟بەنەفرەت بی! چ گەمژەیەکەم، ڕاستە؟ چ گەمژەیەکەم! (وەستان.) وە ئەو پیاوە؟ لەکوێیە؟ ئایا تەرمەکەیان فڕێداوەتە شوێنێک؟ یان زیندووە؟ تۆ دەزانیت؟ دەزانی باوکم لە کوێیە؟**

**ئێعدامی: نەدەبوو بەم شێوەیە بووایە/ نەدەبوو بەم شێوەیە نەبووایە/ نەخێر، نە دەبوو بەم شێوەیە بوایە.**

## دیمەنی شەشەم

**(لە هەمان کاتدا ئەو بەشەی تاقیگەی پزیشکی دادوەری و فەزای پیرەمێردەکە ڕووناک دەکرێتەوە).**

**ڕووناکی لەسەر فەزای دووەم چڕترە و فەزای زیاتری دیمەنەکە دەگرێتەوە.**

**جگە لە مێز و کورسییەکە، تەواوی فەرشەکە دەبینین کە ئەم ئامێرانە لەسەری دانراون.**

**پیرەمێردەکە خەریکی کۆکردنەوەی پارچەکانی قەلایەکی یارییە. ڕێنماییەکانی سەر خشتەکە جێبەجێ دەکات. دوای ماوەیەک هەڵە دەکات، ڕاستی دەکاتەوە... چێژ لە بینینی پێشکەوتنی بیناسازییەکەی وەردەگرێت.**

**ئەمەش لە هەمان کاتدا ڕوودەدات لەگەڵ کردارەکانی تاقیگە، کە ئەوان پزیشکی دادوەری و ئێعدامین.**

**پزیشکی دادوەری دووبارە تۆمارکەرەکە هەڵدەگرێتەوە. ماندوو دەردەکەوێت، وەک ئەوەی باش نەخەوتبێت. ئەوەی تۆماری کردووە دەیگێڕێتەوە.)**

**دەنگی پزیشکی دادوەری: (لە تۆمارە دەنگییەوە) ٢٠ی مەی_ ئەمڕۆ دواجار توانیمان تۆماری وەرگرتنی ئیستبان لە خانەی هەتیوەکان بدۆزینەوە.کۆپییەکی وێنەکەی هاوپێچ کراوە لەگەڵ فایلەکە. (وەستان.) بەپێی ناوەڕۆکەکە، منداڵەکە تەمەنی تەنها دوو هەفتە بووە کاتێک تۆمارکراوە.ناوی کۆتایی دیارە: لۆخان ئەلڤارێز.**

**ئێعدامی: (بە هێواشی) پاتریشیا، پاتریشیا لۆخان ئەلڤارێز.**

**دەنگی پزیشکی دادوەری:(لە تۆمارە دەنگییەکانەوە)هەروەها تەمەنی باس کراوە «"تەمەنی بیست و نۆ ساڵە"»و«مردووە»(وچان)تێبینییەکی ژێربرگە هەیە کە دەڵێت وئاماژەی بەوەشکردووە، "بەهۆی بارودۆخەکەوە منداڵەکە لە سەرپەرشتی خانەی هەتیوەکان تۆمارکراوە". بۆ ئەوەی باشتر لە کۆمەڵگادا یەکبگرێتەوە، بە ناوی کۆتایی خێزانیی دیکە تۆمار دەکرێت.**

**ئێعدامی: بۆ باشتر، باشترە!ئەوەی باشترە**

**دەنگی پزیشکی دادوەری: (لە تۆمارەکەوە) ئەو ماڵەی پەیوەندی بە باوکەوە هەیە بەوشەی "نادیار ونەزانراو" پڕ کراوەتەوە . بەم داتا و پاشناوانەی«لۆخان ئەلڤارێز»، ئێمە لە ئەرشیفی نیشتمانی بێسەروشوێنەکاندا گەڕانێک ئەنجام دەدەین.**

**(تۆمارکردنەکە کۆتایی دێت. پزیشکی دادوەری خۆی بۆ تۆمارکردنی دەقێکی نوێ ئامادە دەکات. سەرەتا فۆڵدەرەکانی سەر مێزەکە ڕێکدەخات.)**




**پزیشکی دادوەری: (لە تۆماری دەنگیدا) ٢٥ی ئایار. دوێنێ ئێوارە، ڕاپۆرتەکانی پۆلیسمان دۆزیەوە سەبارەت بە کەیسی لە ئێعدامیی نەناسراوی ژمارە دوانزە.**

**ناوی تەواوی«پاتریشیا لۆخان ئەلڤاریز»**

**دایک و باوکی ڕۆژێک دوای دەستگیرکردنی سکاڵایان تۆمار کردوە.**

**کۆپییەکی هاوپێچ کراوە لەگەڵ فایلەکەدا.**

**تایبەتمەندییە جەستەییەکانی زۆر باش وەسف کراوە.**

**یەک شەست و سێ.**

**کرچ وکاڵ.**

**چاوی قاوەیی**

**لاواز.**

**تەمەنی بیست و نۆ ساڵە.**

**تەنانەت باسیان لە نەبوونی فۆنتانێلی گەورە لە کەللەسەردا کردووە.**

**بەپێی سکاڵاکە شەوانە لە ماڵەکەی خۆی ڕاکێشاوەتە دەرەوە.**

**بە دایک و باوکی وتراوە کە تەنها بۆ لێپرسینەوە دەبرێت.**

**(بێدەنگ دەبێت، بەردەوام بوونی ئەستەمە بووی).**

**ئێعدامیی: ((هەوڵ دەدات لەبیری بێتەوە)) هەستانەوە..."پاتریشیا چەند پیاو بە دوای تۆ دا دەگەڕێن....چەند...چەند پیاو... زۆر،زۆرتورە.....دایکم هەرگیز نەیگوت پاتریشیا، دی وت پاتی..........چەند پیاو.........چوار.........جل و بەرگی تایبەت پۆشیوە.....یکیان لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا بەهۆی ترس و پەلەکردنەوە،چاکەتەکەی ئاوەژووە.**

**پزیشکی دادوەری: (هەوڵ دەدات و بەردەوامە. لەسەر شریت.) جلەکانی کاتێک بردیان وەسف کرا: شڵواری جینز، چاکەتێکی سەوز،پێڵاوی وەرزشی. پشتڕاستی دەکەنەوە کە پڵاکێکی هەبووە کە ناو و پاشناوی لەسەر هەڵکەندراوە. پ. ل. ئە. و کاتژمێرێکی دەستی.**

**ئێعدامی- ئەمەیان نییە.**

**پزیشکی دادوەری: (لە تۆمارێکی دەنگیدا) دایک و باوکی مردوون.هیچ خوشک و برایەکی نەبووە.هیچ تۆمارێک نییە لەسەر منداڵەکانی. تاک. بە لەبەرچاوگرتنی بەرواری سکاڵاکە و تەمەنی ئیستبان...(ئێتر ناتوانێت. تۆمارەکە دەکوژێنێتەوە. دەچێتە سەر کۆمپیوتەرەکە و دەست دەکات بە خلیسکاندنی وێنەکانی لێیەوە. لە وێنەی یەکەمدا ئێعدامی بە تەنیایە.)**

**ئێعدامیی:پاتریشیا. ئێستا لێرە پاتریشیا تەمەنی بیست و نۆ ساڵ/ کز/ کرچ وکاڵ وقاوەیی/ یەک وشەست و سێ.**




(پزیشکی دادوەری بۆ ساتێک چاوی لێدەکات.وردە وردە لە کاتێکدا وێنەکان تێدەپەڕن و لە ئێعدامییان تێدا دەبینێت، هەستێکی ئازار و بەزەیی تێدا دەبینرێت، لە شێوەی جەستەییدا، لە نیگاکانیدا. پیرە پیاوەکەش لەلای خۆیەوە واز لە کارکردن دێنێت. وەک ئەوەی وێنەکان دەکەونە سەر ویژدانی. لە ناوچەکەی خۆیەوە بەبێ ئەوەی جوڵەیەک بکات سەیری ئەوان دەکات. پزیشک وێنەکە دەگۆڕێت. لە داهاتوودا،لە تەنیشت ژنێکی پەنجا ساڵانەوە ئێعدامیی دەبینرێت.)

ئێعدامی: لەوێ. دایکێک و کچێک. دوو ژنی ئاسایی.ساڵانێکی زۆرە کە ئەوم نەبینیوە.تەنانەت ئەوەش سڕاوەتەوە.

(وێنەکە دەگۆڕێت. گردبوونەوەیەکی خێزانی دەبینرێت. جەلادێک پێدەکەنێت. دکتۆرەکەش بە زەردەخەنەوە کاردانەوەی دەبێت).

ئەم وێنەیە، بەڵێ. ژەمێك ،ئەو کەسەی کە  قاشی شووتی پێیە. باوکێکی باش بوو. بوو..سادە و سەرزیندوو بوو. ئەو ڕۆژە زۆری خواردبووەوە و خەریکی یاریکردن و گۆرانی و سەما بوو. ئەوەی، دواوە، پانتۆڵ ڕەشە، برای باوک. هەر جارێک دەهات کتێبێکی نوێ دەهێنا.

(  وێنەی داهاتوودا لە پۆلێکدایە، کۆمەڵێک منداڵ لەگەڵیدان).

مامۆستا. منداڵەکان دەورەیان دەکرد. پێنج ساڵ لەو کۆلێژە. تا لەناویان برد.

پزیشکی دادوەری - بەڕاستی پێم وا نەبوو تۆ کرچ وکاڵ بیت.

## دیمەنی حەوتەم

تاقیگەی پزیشکی دادوەری. دوایین وێنە کە بینیومانە هێشتا لەسەر دیوارەکە ماوە.

ئێعدامیی: لە ناوچوون.

نەخێر.

تۆ نا

ئێوە لەناو نەچوون.

تۆ دزراویت

تۆ زیندانی کرایت

بەڵێ.

تۆ کوژراویت

ئەوان فڕێیان دایتە ئەوێ

فڕێیان دای



نە ناو، نە ناونیشان.

تۆ نەمان هەڵنەبژارد.

هیچ

هیچ کامیانمان هەڵنەبژارد.

هەریەکەمان پارچەیەکی بچووکی ژیانی خۆمان هەبوو، وردە وردە دروستمان کردبوو.

هەریەك

بەڵێ

هەموو

کامیان.

ئێمە ون نەبووین.

چونکە ئێمە تا ئێستاش لەوێ بوونمان هەیە

ئێمە لەوێ دەرەوە بوونمان هەیە

کاتژمێرێک و کاتژمێری دواتر و کاتژمێرێک پێش مردن.

تاک

ئەوەندە تەنیا

وون

دوور لەو پارچە بچووکانەی ژیان کە هی ئێمە بوون.

هی ئێمە

کە وردە وردە دروستمان کردبوو.

لەوێ دەبێت چەندین جار ناوەکەت دووبارە بکەیتەوە.

پاتریشیا لۆهان ئەلڤاریز،

ئینریکی ئیبار نۆگێیرا

یۆهان ڤالدیبیا ریاسا،

ئانا موراد ڕوکا،

هەریەکەیان بەم دەنگەی خوارەوە،

دایکم ناوی تێرێزا بوو، ئەی

ژەهری باوکم ئەدۆلفۆ یان هیکتۆر یان خۆسێیە.

براکەم،

هاوسەرەکەم،

لویزا،

تۆماس،

ئیرێن،

مەلیک،

کارمن،

ئارۆن،

گارسیێلا،

پێدرۆ

چونکە تەنانەت ناوەکانیش دەگۆڕدرێن

تۆ

دەبێت ناوی ڕاستەقینەی خۆت دووبارە و سێبارە بڵێیتەوە

خۆت بیڵێ با لەبیرت نەچێتەوە.

پاتریشیا لۆهان ئەلڤارێز،

پاتریشیا،

نە، مارلین.

پاتریشیا، با بەردەوام بیت لە بوونت و نەفەوتێت

لە ناوچوون




کۆتاییبە لە چاودا نییە

لە ناوچوون

لە خۆت مەترسە.

## دیمەنی هەشتەم

(لە تاقیگەدا

ئیستبان، پزیشک وئێعدامی.

ئیستبان سەرقاڵی سەیرکردنی بەڵگەنامەکانە: وێنە، کاغەزی سکاڵا...

ئێعدامی لێی نزیکە، چاودێرێکی کردارەکانی.)

**ئیستبان:** پاتریشیا. دەبێت بەم ناوە ڕابێم... مامۆستا؟ بۆچی مامۆستایەکی ژنیان لە سێدارە داوە؟

**پزیشکی دادوەری:** مامۆستا تەنیا لە سێدارە نەدرا. (لەکاتێکدا وێنەیەکی پیشان دەدات). بریتین لە،ئەمانە باپیرەو داپیرە تن

**ئیستبان:** چی؟

**پزیشکی دادوەری:**( نیشان دەدات)ئێرە باپیرت، ئێرە داپیرت...

(هەر سێ کەسەکە سەیری وێنەکە دەکەن).

**پزیشکی دادوەری:** یەکەم: باپیرت کۆچی دوایی کرد، نۆ ساڵ لەمەوبەر. دوای دوو ساڵ داپیرت کۆچی دوایی کرد.

**ئێعدامیی:** زۆر هاوشێوەی باپیرت، نەخێر؟

**پزیشکی دادوەری:** ئێمە بەدوای کەسوکاری تریشدا دەگەڕێین. مام، خاڵۆ، ئامۆزا، کوڕەخاڵ،کچەپوور. دەبێت ئاگاداریان بکەینەوە کە ئەومان دۆزیوەتەوە.

**ئێعدامیی:** (کە هێشتا سەیری وێنەکان و ئیستبان دەکات.)

هەمان ئەوانە

(وشەکە نادۆزێتەوە، بۆیە چاوەکانی دادەپۆشێت).

وە... هەمان شێوە...

(دەست لە برۆکانی دەدات).

**ئیستبان:** کەواتە... تۆ بە تەواوی دڵنیای.

**پزیشکی دادوەری: بەڵێ.**

**ئیستبان: (دوای وەستانێک.) ئەی باوکم؟(ئێعدامیی بە هێواشی دەڕوات).**

**پزیشکی دادوەری: ئێمە هیچ لەو بارەیەوە نازانین.**

**ئیستبان.- دایکم سەڵت بوو.**

**پزیشکی دادوەری: بەڵێ.**

**ئیستبان: لێرە هیچی نەوتووە کە ئەو... دووگیان بووە... مانای وایە دووگیانێکی شاردووتەوە؟ بوو؟**

**پزیشکی دادوەری: نەخێر. کێشەکە ئەوەیە کە ئەو کچە دووگیان نەبووە. ئیستبان، تۆ تەمەنت بیست و حەوت ساڵە. سەیری بەرواری سکاڵاکە بکەن. نزیکەی دوو ساڵ لە نێوان دەستگیرکردنی و لەدایکبوونی تۆدا هەیە.**

**ئیستبان: بەڵام، لەم ماوەیەدا لە کوێ بووە؟**

**پزیشکی دادوەری: ئێمە نازانین.**

**ئیستبان: بۆیە،وادیارە باوکم لەگەڵی دا بووە. لەوێ، لە وێ... هاوکاری بوو یان شتێکی لەو جۆرە، وایە؟**

**پزیشکی دادوەری: ئیستبان، دەبێت سەبرت هەبێت.تا ئێستاش وەڵامی هەموو پرسیارەکان نازانین.دوای ساڵێک و چەند مانگێک دوای دەستگیرکردنی دووگیان بووە. ئێمە لەمە دڵنیاین.**

**(وچان. ئیستبان لە مێزەکە نزیک دەبێتەوە و تابلۆکە وەردەگرێت.)**

**ئێعدامیی: پاتریشیا. مارلین، نە. پاتریشیا پاتریشیا، لێرە، پاتریشیا**

## دیمەنی نۆیەم

**لە تاقیگەدا**

**ئیستبان و ئێعدامیی.**

**نمایشێکی سلاید، کە تێیدا ئێعدامیی بە تەنیایە،زەردەخەنەی لەسەر دەموچاوە، لەگەڵ قژی پرش وبڵاو، یەکەم وێنە کە لە دیمەنی دووەمدا بینیمان.**

**ئیستبان لە وێنەکە نزیک دەبێتەوە و بە وریاییەوە پەنجەکانی لەسەری دەکێشێت. ئێعدامیی،لە هەمان شوێنەوە، کاردانەوەی دەبێت.وەک ئەوەی بەڕاستی ئیستبان دەستی لێدابێت. سەرەتا کاردانەوەی ئەو ئاماژەیە بۆ ئینکار یان ترسە. بەڵام پاش ئەوە،وردە وردە خۆی تەسلیم دەبێت. پاشان، چاوەکانی دادەخات و دەموچاوی دەخاتە پێشەوە کاتێک ئیستبان دەست لە ڕووخساری وێنەکە دەدات؛ سەری دادەنێت کاتێک ئەو قژی پۆرترێتەکە مەساج دەکات.کاتێک ناز لەلەش و شانەکانی وێنەکە دەکات، خەتیلکەی دێت... ئیستبان**




دەستی دەخاتە سەر سنگی وێنەکە، کە دڵی لێیە؛ هەروەها ئێعدامیی دەستی لە هەمان شوێن دادەنێت وەک ئەوەی دەستی ئیستبان بەگشوێنێت.

## دیمەنی دەیەم

دیمەنەکە بە دەنگی ژنێک دەست پێدەکات بەبێ ئەوەی وێنەی ژنێک بێت

کە ئەم دەقەی خوارەوە دەخوێنێتەوە.

پێش دەستپێکردنی دیمەنەکە لەسەر شانۆ دەنگی ئەو دەبیستین.

دوای ساتێک ناوچەی پیرەمێردەکە ڕووناک دەبێتەوە.

وەک چۆن پێشتر ڕوویدا، ڕووناکی ڕووناکتر دەبێتەوە و شوێنی زیاتر دادەپۆشێت.

لەسەر قەنەفەیەک دەیبینین کە لە مێزی نووسینەوە دوور نییە.

خەوی لێکەوتووە، لە کاتێکدا ئەو کتێبەی دەیخوێنێتەوە لەسەر ڕانی بڵاو بووتەوە.

پاشان لە تاقیگەدا «ئێعدامیی و پزیشکی دادوەری »ڕووناک دەکرێنەوە، گفتوگۆکەی تێکەڵ بە دەنگێکی بێ وێنە دەبێت

(وەک لە دەقەکەدا ئاماژەی پێکراوە).

پزیشکی دادوەری بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکات لەگەڵ پاشماوەی ئێعدامیی قسە دەکات.

دەنگ بێ وێنە: بەڕێز ئاغاو خاتوو لۆخان ئەلڤارێس:

من ناوم ئیرین گابرێلە.ئێوە من ناناسن. بەڵام من کچەکەتان دەناسم، پاتریشیا.

نزیکەی سێ ساڵ لەمەوبەر لە زیندان هاتمە دەرەوە ولەوێ لەگەڵیدا بووم. ڕەنگە پێشتر دەبوو بۆت بنووسم، بەڵام نەمتوانی.

(ناوچەی پیرەمێردەکە ڕووناک دەبێتەوە).

من ئێستا ئەم کارە دەکەم چونکە ناتوانم هیچشتێک کە لەوێ بەسەرمان هاتووە لەبیر بکەم و پێم وابوو ئێوە و خێزانەکانی تر مافی ئەوەیان هەیە لەبارەی کچەکەتان کە لە زینداندا چی بەسەر هاتووە بزانن.

(تاقیگە ڕووناک کراوە، ئێعدامیی و پزیشکی دادوەری لەوێن).

پزیشکی دادوەری: (دەنگی ئەو زاڵ دەبێت بەسەر دەنگە بێ وێنەدا.) خێزانەکەت چەند بەڵگەنامەیەکیان بۆ هێنابن، پێیان وتین کە شتی گرنگ هەیە.ئەو کاغەزانەی کە دایک و باوکت پێش مردنیان بەجێیان هێشتووە. لێرەدا چەند نامەیەک دەخەینەڕوو.




**(پزیشکی دادوەری بە بێدەنگی دەست دەکات بە خوێندنەوەی نامەکان).**

**(ئێعدامیی لێی نزیک دەبێتەوە تا نامەکان ببینێت.)**

**دەنگ بێ وێنە: دەزانم ئەوەی لەم نامەیەدا دەیخوێنەوە بێزارتان دەکات، بەڵام ئەوەی پێتان دەڵێم ڕاستە، خۆم لە شوێنی ئێوە دادەنێم،ئەگەر من ئێوە بومایە پێم باش بوو ڕاستی نەمانی کچەکەم بزانم.« پاتریشیا »نزیکەی دوو ساڵ لە هەمان ناوەندی دەستبەسەرکردندا بەسەر برد کە من تێیدا دەستبەسەر کرابووم. ئەم شوێنە ناوی "قوتابخانە" بووە، چونکە ئەم بینایە پێشتر قوتابخانە بووە.**

**ئێعدامیی:ئیرێن.**

**دەنگ بێ وێنە: لەو کاتەی لەوێ بووە دووگیان دەبێت و منداڵی دەبێت.**

**کوڕێك.**

**پێیان وت کە منداڵەکەی بە مردوویی لەدایک بووە.**

**سەرەتا باوەڕی پێ نەدەکرد و دوای چەند ڕۆژێک هەستی کرد کە دەیەوێت شێت بێت، بەڵام دواجار قبووڵی کرد کە بەڵێ، منداڵەکەی بە مردوو لەدایک بووە.**

**بەڵام دەزانم ئەمە ڕاست نییە.**

**دەزانم چونکە بینیم چۆن منداڵەکەیان لەگەڵ خۆیان برد.**

**نازانم لە کوێیە**

**هەرگیز نەموێرا ڕاستیەکان بە کچەکەتان بڵێم، نەمدەویست چیتر ئازاری پێ بدرێت.**

**بەڵام ئێوە نەوەیەکتان هەیە،**

**لە خانەی هەتیو یان لە ژێر چاودێری خێزانێکدا.**

**زۆر جار بینیومە منداڵەکان لەگەڵ خۆیان دەبەن.**

**چونکە من پەرستارم و هەندێک جار داوایان لێکردم لە منداڵبووندا یارمەتیان بدەم .**

**هیچ بیرۆکەیەکتان نییە کە ئێستا چەند نامە بەم شێوەیە دەنووسم، چونکە من لە وڵاتێکی بێگانە دەژیم و فێردەبم چۆن بەرەنگاریی ترس ببمەوە.**

**زۆر پەشیمانم کە ئەو ئازارە دەژیمەوە کە ڕۆژێک پێیدا تێپەڕیون، بەڵام تەنها کاتێک دەتوانانن بەدوای نەوەکەتاندا بگەڕێین کە بزانن بوونی هەیە.**

**لەگەڵ ڕێزم دا.**

**ئیرێن گابرێل.**




**ئێعدامیی:** بۆیە دەیانزانی. ئەو دووانە، و نە، بۆچی نا؟

**پزیشکی دادوەری:** یەکێکی تریش هەیە. دوای ئەو یەکە.

**دەنگ بێ وێنە:** بەڕێزئاغا و خاتوو «لۆخان ئەلڤاریز» زۆر خۆشحاڵم بە وەرگرتنەوەی وەڵامەکەتان. من لە دڵەوە سەرسامم بەو خۆڕاگرییەی کە تێیدا نیشانتان داوە.

**پزیشکی دادوەری:** من لە دڵەوە سەرسامم بەو خۆڕاگرییەی کە تێیدا نیشانتان داوە.

**- خۆڕاگرییەی...**

**دەنگی بێ وێنە:** هەرچەندە دەزانم چەندە بەدەست ئەم پرسە دەناڵێنن وئازار دەچێژین. هەوڵ دەدەم وەڵامی پرسیارەکانتان بدەمەوە. نازانم بۆچی منداڵەکان نەیاندایەوە بە بنەماڵەکان.؟

**پزیشکی دادوەری.-** (هاوکات لەگەڵ دەنگی بێ وێنە) نازانم بۆچی منداڵەکان نەیاندایەوە بە بنەماڵەکان.؟ بە نەفرەت بێ!(بۆ ساتێک لە خوێندنەوە دەوەستێت). (پاشان دەست پێدەکاتەوە.)

**دەنگی بێ وێنە:** جارێک لەوان بیستم کە پێویستە منداڵان پەروەردە بکرێنەوە، کە دەرفەتیان پێ بدرێت لە "ژینگەیەکی سالم و تەندروستدا" گەورە بن. نازانم وەک غەنیمەتی جەنگ بەکارهێنران یان نا. تێگەیشتنی زۆر قورسە، تەنانەت ئەگەر کاتێکی زۆریش تێپەڕیبێت

**ئێعدامیی:** نەخێر/نەخێر/نەخێر ئەمە نا/جارێکی تر نا/

**دەنگ بێ وێنە:** سەبارەت بە پرسیارەکەتان، لە نامەی پێشوومدا پێم باش بوو باسی باوکی منداڵەکە نەکەم، چونکە پێم وابوو ئەم بابەتە هیچ یارمەتییەکتان نادات. بەڵام وەک وتتان من تاکە کەسم کە دەتوانم ئاگادارتان بکەمەوە بۆیە هەوڵ دەدەم ئازا بم.

**(لەکاتێکدا دەنگی بەبێ وێنە دەژەنرێت، ئێعدامیی مەودایەک دەگرێت. دەچێتە ئەو لایەی کە لە ناوچەی پیرەمێردەکە نزیکترە. سەیری دەکات. بە دەنگێکی نزم دەست دەکات بە گۆرانی وتن؛ ترس و دڵەڕاوکێ لە دەنگیدا هەیە. هەندێک جار هەڵەیەک دەکات و لە بەیتی پێشووەوە گۆرانییەکە دەست پێدەکات.ئەو ئەیکات. وەک ئەوە وایە وانەیەک دووبارە بکاتەوە. هەردوو دەنگ، دەنگی گۆرانی و دەنگی بێ وێنە، بە درێژایی ئەم بەشە تێکەڵ بەیەک کراون.)**

**دەنگێکی بێ وێنە:** باوکی منداڵەکە یەکێک بووە لە سەربازەکانی سەنتەرەکە. نەقیبێک ناوی« ئێرنێستۆ نابیا سان خوان» بوو. شەهوەتی کچەکەتان کەوتە سەری. ئەو کەسە بوو کچەکەتانی دووگیان کرد.



**ئێعدامیی:**

**Vor der Kaserne**[٤]

**Vor dem großen Tor**

**Stand eine Laterne**

**Und steht sie noch davor**

**So woll’n wir uns da wieder seh’n**

**Bei der Laterne wollen wir steh’n**

**Wie einst Lili Marleen**

**Wie einst Lili Marleen.**

**(پیرە پیاوەکە لە خەو هەڵدەستێت و وردە وردە کاردانەوەی دەبێت کە گوێی لە گۆرانییەکە دەبێت، وەک ئەوەی بیبیستبێت. دەگەڕێت بۆ ئەوەی بزانێت دەنگەکە لە کوێوە دێت).**

**دەنگ بێ وێنە: نازانم ئەم زانیاریانە لە دژی بەکار دەهێنن یان نا.**

**زۆر داوای لێبوردن دەکەم بەڵام ناتوانم یارمەتیتان بدەم.**

**هەموو شتێکم کرد کە پێم وابوو دەتوانرێت: نووسینی ئەم نامانە.**

**ناتوانن بیهێنیتە بەرچاوتان کە لەبیرهێنانەوەی ئەم شتانە چۆن بێزارم دەکات وئازار دەچێژم.**

**زۆر بیری نیشتمانەکەم دەکەم، بەڵام ناتوانم بگەڕێمەوە، لانیکەم بۆ ئێستا. هێشتا دەترسم زۆر دەترسم نازانم ڕۆژێک دێت ئەم ترسە بەجێم دەهێڵێت یان نا. بابەتی هەموو شتێک لێم خۆشبن، بۆ ئەوەی دەیکەم و ئەوەی ناوێرم بیکەم. نەدەبوو هیچ کام لەمانە بەسەر «پاتریشیا»دا بێت، نە بەسەر منیشدا، نە بەسەرئێوە شدا. بە ڕێزەوە ماڵئاوا . ئیرێن**

---

[٤] لەبەردەم سەربازگەکە
بەرامبەر دەروازەکە
گڵۆپێکی کارەبایی بوو
وە هێشتا لەوێیە
لەوێ جارێکی تر کۆدەبینەوە
لە ژێر گڵۆپی کارەبایی دەبین
وەک پێشتر لیلی مارلین
وەک لیلی مارلین پێشتر




**ئێعدامیی:**

**Unsere beide Schatten°**

**Sah’n wie einer aus**

**Daß wir so lieb uns hatten**

**Das sah man gleich daraus**

**Und alle Leute soll’n es seh’n**

**Wenn wir bei der Laterne steh’n**

**Wie einst Lili Marleen**

**.Wie einst Lili Marleen**

**Schon rief der Posten**

**Sie blasen Zapfenstreich**

**Das kann drei Tage kosten**

**Kam’rad, ich komm sogleich**

**Da sagten wir auf Wiedersehen**

**Wie gerne wollt ich mit dir geh’n**

**.Mit dir Lili Marleen**

**.Mit dir Lili Marlee**

---

°سێبەری ئەو دووانەمان
لە سێبەرێک دەچوو
زۆر یەکترمان خۆشدەویست
کە وێنەیەکی وەها بەجێماوە
وە هەموو خەڵک دەیبینن
کاتێک لە ژێر ڕووناکیدایە
من دێم هاوڕێ
کەواتە یەکتر
ئەوان خەریکی بینینی خۆرن
لەوانەیە ئەمە سێ ڕۆژ بخایەنێت.
کارەبا بێت
وەک پێشتر لیلی مارلین.
بەم زووانە پاسەوانەکە بانگ دەکات
ماڵئاواییمان کرد
من بە ئێوە دڵخۆش دەبم
لەگەڵ تۆ لیلی مارلین
لەگەڵ تۆ لیلی مارلین.




**( پیرە پیاوەکە بەرەو شوێنی لە ئێعدامیی دەڕوانێت و هەڵدەستێت. لە سنووری ناوچە ڕووناکەکە نزیک دەبێتەوە. بەم شێوەیە هەر یەکێک لە بەشەکانی خۆی سەیری ئەوی دیکە دەکات، لە کاتێکدا ئێعدامیی بە تووڕەییەوە، بە ترسەوە، بە ئازارەوە گۆرانی دەڵێت.)**

**ئێعدامیی:**

**,Deine Schritte kennt sie**

**Deinen zieren Gang**

**,Alle Abend brennt sie**

**Doch mich vergaß sie lang**

**Und sollte mir ein Leids gescheh’n**

**Wer wird bei der Laterne stehen**

**?Mit dir Lili Marleen**

**?Mit dir Lili Marleen**

**,Aus dem stillen Raume**

**Aus der Erde Grund**

**Hebt mich wie im Traume**

**Dein verliebter Mund**

**Wenn sich die späten Nebel drehn**

**Werd’ ich bei der Laterne steh’n**

**.Wie einst Lili Marleen**

**.[6] Wie einst Lili Marleen**

---

[6] ئەو ژنە هەنگاوەکانی تۆی دەناسی
بەناز ڕویشتنی شایستەی تۆ
بەردەوام دەسووتێت
تەنانەت ئەگەر منی لەبیر کردبێت
وە بەسەرمدا هات
کێ دەیەوێت لە ژێر گڵۆپی کارەباییدا؟
ئایا ڕۆیشت
لەگەڵ تۆ؟ لیلی مارلین
لە کەشێکی بێدەنگەوە
لە ڕووی زەویەوە
لێوە نازدارەکانت
وەک لە خەودا لە خەو هەڵدەمێنن
کاتێک بەفر لە شەودا دەبارێت
من لە ژێر گڵۆپی کارەبایی دەبم
وەک پێشتر لیلی مارلین
.وەک پێشتر لیلی مارلین




( ئێعدامی گۆرانیەکەی تەواو کردووە. ساتێکی ئارامی و بێدەنگی هەیە:

ئێعدامی و پیرە پیاو ڕووبەڕووی یەک.

پزیشکی دادوەری نامەکانی بەجێهێشتووە. لە کۆتاییدا دەجووڵێت بۆ ئەوەی بیانخاتە سەر مێزەکە.)

ئێعدامی:( هێواش هێواش چاوی لە سەیرکردنی پیرەمێردەکە لادەبات و تێدەگات لە کوێیە. ڕووبەڕووبوونەوەی پزیشکی دادوەری.)

تۆ هیچی پێ نالێی.

وانییە؟

بە ئیستبان

وانییە، وانییە؟

تکایە، ئەم کارە مەکەن. ئەو

وەک منداڵ وایە

ئەو چاوەڕێ شتێکی دیکە دەکات

بەدوای شتێکی تردا دەگەڕێت

ئەمە نا

پێی مەڵێ

تکات لێ دەکەم!

(پزیشکی دادوەری بە هێواشی دەگەڕێتەوە، تا ئەو جێگایی کە دەگاتە سەیرکردنی پیرە پیاوەکە ).




## دیمەنی یازدەهەم

**((تاقیگەی پزیشکی دادوەری).**

**دکتۆر، ئیستبان، ئێعدامیی.**

**ئیستبان خوێندنەوەی نامەکانی تەواو کردووە.**

**پزیشکەکە بە جلی ئاساییەوەیە، بێ باڵاپۆشی سپی.**

**سەرەتا ئێعدامیی گۆشەگیر دەبێت و گوێ دەگرێت بەبێ ئەوەی بیەوێت بەشداری دیمەنەکە بکات.)**

**ئیستبان: ئایا ئەمە ڕاستە؟**

**پزیشکی دادوەری.- شتێک کە ئەم ژنە پشتڕاستی دەکاتەوە.**

**ئیستبان.- کەواتە باپیرە و داپیرەم دەیانزانی؟**

**پزیشکی دادوەری: حوکمی خراپیان لەسەر مەدە. بە دڵنیاییەوە نەیانتوانی هیچ بکەن. یان دەترسان، تا ئەم دواییانە کەس نەیدەوێرا باسی ئەم پرسانە بکات.**

**ئیستبان: (دوای وەستانێک.) ئەگەر ئەم پیاوە لە ژیاندا بێت، ئایا دەتوانین پشکنینی دی ئێن ئەی لێ بکەین؟**

**پزیشکی دادوەری: دەبێت ڕەزامەندی دەرببڕێت (ئیستبان دەست دەکات بە سەیرکردنی نامەکان).( بێدەنگی) دەتەوێت بیناسیت؟**

**ئێعدامی: (لەوان نزیک دەبێتەوە، وەک ئەوەی بتوانێت بیانوەستێنێت.) نا.**

**ئیستبان: چیت وت؟**

**ئێعدامی: نا، نا، نا تکایە.**

**پزیشکی دادوەری:( کاغەزەکەی پێ دەدات.) ئەمە ناونیشانەکەیەتی.**

**ئێعدامی: گوێی لێ مەگرە! نا! بڕۆ/لێرە بڕۆ!**

**ئیستبان.- چوویتە لای؟ ئایا چووی بۆ بینینی؟ (پزیشکی دادی وەڵام ناداتەوە.) چی پێ وتت؟**

**پزیشکی دادوەری: من قسەم لەگەڵ نەکرد.**

**ئیستبان: من... نازانم دەمەوێت یان نا...**

**پزیشکی دادوەری: «ئێرنێستۆ نابیا سان خوان.»**

**ئێعدامیی: تکایە! نا. ئێستا نا.**




**پزیشکی دادوەری:** هاوسەرگیری کردووە. خاوەنی سێ منداڵە. و چوار نەوە.

**ئیستبان:** بۆ من گرنگ نییە.

**پزیشکی دادوەری:** ماوەیەک لەمەوبەر تەمەنی بوو بە شەست و دوو ساڵ. ژیانێکی ئاسایی هەیە. تەواو ئاساییە.

**ئیستبان:** ڕەنگە وشەکانی ئەم پیتانە درۆ بن!

**پزیشکی دادوەری:** کچە بچووکەکەی هەمان تەمەنی تۆیە. مامۆستایە، سەرنجڕاکێش نییە؟

**ئیستبان:** بۆچی ئەم شتانەم بۆ ڕوون دەکەیتەوە؟

**ئێعدامیی:** نابینی کە نایەوێت؟

**پزیشکی دادوەری:** پێت وایە ئەم کچە دەربارەی ئەوەی باوکی کردوویەتی ئاگادارە؟ پێت وایە بزانێت زڕبرای هەیە؟ وە بە دڵنیاییەوە تۆ تاکە برا ، خوشکی ئەونێت. ڕەنگە لەگەڵ ژنانی تریشدا ئەم کارەی کردبێت.

**ئیستبان:** ڕەنگە ڕاست نەبێت!

**پزیشکی دادوەری:** پلەی بەرزکرایەوە. بۆ عەقید، ئێستا خانەنشین بووە و کاتەکانی بە یاریکردن لەگەڵ نەوەکانی و چاودێریکردنی باخەکەی بەسەر دەبات. باخچەیەکی جوانی هەیە کە پڕە لە گوڵەبەڕۆژە.

**ئیستبان:** بێدەنگ بە!

**ئێعدامیی:** تۆ بێزاری دەکەیت!

**پزیشکی دادوەری:** تۆ لە ئەو دەچیت. بەڵام زۆر نا.

**ئیستبان:** چیت لێم دەوێت؟ (شانەکانی دەگرێت.) چیت لێم دەوێت؟

**پزیشکی دادوەری:**زۆر بە باشی پیر بووە. تەنها کە چاوەکانی نزیک بە باشی نابینن.

**ئیستبان:** بێدەنگ بە! دەمت داخە!

(ئیستبان، شتێک نەماوە لە پزیشکی دادوەری بدات).

بەڵام لەبری ئەوە بەجێی دەهێڵێت و وەک سەرخۆشێک، بەرەو ئەو مێزەی کە پاشماوەی ئێعدامیی لێیە نزیک دەبێتەوە.بە چەند لێدانێکی دەستی هەموو ئەم پاشماوەیانە فڕێ دەداتە سەر زەوی.

ئێعدامیی دەکەوێتە سەر زەوی، ئازاری هەیە، وەک ئەوەی لێی درابێت.

ئیستبان بە بینینی ئێسکەکانی ئێسکەپەیکەری بڵاو بووەکە وە خۆی دێتەوە.هەست بەڕشانەوە دەکات. بە پەلە دەڕوات، بەبێ ئەوەی بتوانێت هێڵنجە کانی بوەستێنێت.

پزیشکی دادوەری لێی نزیک دەبێتەوە. سەری دەگرێت لە کاتێکدا ئیستبان دەڕشێتەوە)

**پزیشکی دادوەری:** زەوی پڕە لە دەنگ.

دەنگە بێ ناوەکان

کە هێشتا قسە دەکەن

ئەم هەموو ساڵە دوای مردنیان.

ئێستا، وردە وردە، هەمانە

ئێمە ئەم دەنگانە دەخەینە ڕوو...

بەڵام دەبێت زۆر بەهێز بین ئەگەر بمانەوێت گوێ لەو شتانە بگرین کە دەبێت پێمان بڵێن.

## دیمەنی دوانزەهەم

(ئێعدامی قسە دەکات لە کاتێکدا پزیشکی دادوەری ئێسکەپەیکەرەکەی کۆدەکاتەوە.)

**ئێعدامی:** مارلین. لە سەرەتاوە وەک ئەکتەری دڵخوازەکەی. مارلین دیتریش. بەهۆی ڕەنگەکەیەوە

(وشەکە نادۆزێتەوە. دەست لە قژی دەدات).

هەر لەسەرەتاوە وتی: "لە ئێستاوە تۆ مارلینیت".

لەوێ ناوێکی تریان پێداین و ناچاریان دە کردین بەکاری بهێنین.

هەروەها پاتریشیا ناوی مارلین بوو.

ئەم ناوەی بۆ  هەڵبژاردبوو .

ئەوەی زیندانییەک بە ناوێکی نوێ لێبنێت ، کردوویەتی بە هی خۆی.

ئەو مافی خۆیەتی

مافی خۆیەتی لەگەڵ ئەودا ئەم کارە بکات.

بەڵام بۆچی ئەو ژنە؟

کچی گەنجتر و جوانتر هەبوون.

چونکە تۆی هەڵبژاردووە

چونکە تۆی  هەڵبژارد مارلین بیت،



توانای هەیە

ئەشکەنجەت بدەن

بۆ هەموو شتێک

چونکە بە شێوازێکی تر سەیرت کرد.

یان لەبەر ئەوەی کاتێک پرسیاری شتێکی لێکردیت وەڵامت نەدایەوە.

ئەو ویستویەتی تۆ زیندانی بکات.

هەندێک ڕۆژ.

مانەوە لە تاریکیدا و لەدەستدانی چەمکی کات.

ئەمە،

مانەوە لە تاریکیدا، ئەمە

ئەمە ناکرێ

نەخێر

. بەڵام هەندێک جاریش

هەندێک سەرخۆش دەبێت

و دێت.

لەگەڵ دیاری: یەک سابوون، شریتێک

بۆ

(قژی مەساج دەکات).

، بۆنێک،

پارچەیەک خواردن.

وە کاتێک بۆی دەردەکەوێت کە تابلۆکەت لێت وەرگیراوە،

بۆت دەگەڕێنەتەوە.

هەندێک شەو تەنها قسە دەکات.



لە هاوسەرەکەی

لە منداڵەکانی

دوو

دوو کوڕ و یەک کچ

باسی یادەوەرییەکانی ڕابردووی خۆی دەکات

لە منداڵییەوە ،یان دەڵێت:

بە هەمان شێوەی مرۆڤ لەگەڵ خۆشەویستەکەی قسە دەکات.

کە هەندێک جار زۆر لەگەڵیدا خۆش بوو

بوو

... بەهۆی .

"مارلین، بۆم بخوێنە"

کاتێک بەم شێوەیە ڕەفتار دەکات،

ئەو ژنە نەرم دەبوو.

زیاتر لاواز بوو.

هەندێک کات،

بە نەرمی نازیت دەکرد، وەک ئەوەی

وەک ئەوەی لەگەڵ خۆشەویستیدا بێت و دوایی

ئەو کات

ترسناکە کاتێک، بۆ ئەو کەسەی کە ئەشکەنجەت دەدات،

ترسناکە کاتێک هەست بە شتێک هەبێت وەک دڵتەنگی یان دڵتەنگی یان سوپاسگوزاری بەرامبەر

بۆ ئەو کەسەی کە هەیەتی

دوای ماوەیەک

لە زستاندا



زیاتر لە ساڵێک تێپەڕیبوو

ئیتر سوڕی مانگانەت نەهاتووە.

مارلین سەرەتا نەیدەویست.

نا.

و هەوڵیدا

و هەوڵیدالەبینی بەرێت

لەوێ دەریبێنێت

لە خۆی دەدا

ڕۆنی گەرمی دەڕشتە ناو خۆیەوە.

بەڵام منداڵەکە نەیدەویست بمرێت

و بەم شێوەیە

بەم شێوەیە گەورە بووە. دواتر

وردە وردە دەستی کرد بە هەستکردن لە خۆیدا

بە زیندوو بوون   لێرە دا

(دەست لە سکی دەدات).

تاکە شتێکی زیندەو

تاکە شتێکی نوێ ئەوەیە کە لەو

شوێن هەبوو

وە   وتت ڕەنگە ڕەنگە

وە وازت لە لێدانی خۆت هێنا و دووبارە دەستت کردەوە بە خواردن، بە وریاییەوە خۆت پاک دەکردەوە و پشوو دەدا

وە بەم شێوەیە بە ئاگاداربوون لە خۆت،

دەستت کرد بە چاودێری کردنی منداڵەکە.

ئیتر نەهاتە لات.



کاتێک لە چیرۆکەکە تگەیشت.

ئەگەر لە سێتەکەدا مارلین بەدیاییت، تەنانەت سەیریشی نەدەکرد.

بەڵام زۆر شەو مارلین

پێی وابوو شتێکی بیستووە

چونکە دڵنیا بوو کە دەگەڕێتەوە،

ناهێڵێت شتەکان بەم شێوەیە بڕۆن

وە تۆ زۆر ترساویت، زۆر

ترس هەندێک جار

هەندێک جار دەتویست ببیبنیت بە یەکجاری دێتە لات، بۆ ئەوەی هەموو دڵەڕاوکەکانت بڕژێتە دەرەوە.

ئێوارەیەک دەستی پێکرد

کە

پاتریشیا دەستی کرد بە هەستکردن بە ئازار

وە تێدەگەیت. کە

تێدەگات

(سەیری زەوی و ژێر پێیەکانی دەڕوانێت.)

خەریکە میز بە خۆم دا دەکەم.

تکایە!

(سکی دەگرێت).

خەریکە میز بە خۆم دا دەکەم.

وە ژنانی هاوژێندای وهاوڕێ  بەرەو تۆ ڕادەکەن

تۆ هاوار دەکەیت: هێشتا نا! زۆر زووە!، هێشتا نەبووە!

پاشان بردیانیت بۆ ژوورێکی زۆر خاوێن.

وە هەموو شتێک زۆر بە خێرایی و هەست دەکەی




**کە**

**پاڵ دەنێت و هەست بە منداڵێک**

**منداڵەکەت**

**دێتە دەرەوە**

**وە ئێستا لە دەرێییە**

**وە ئەو جارەش**

**مارلین**

**پا**

**پاتریشیا**

**من**

**من**

**بە جۆرێک دەمێنمەوە**

**بە جۆرێک بەتاڵ لە ناوەوەبێت. وە لەم ساتەدا گوێم لە دەنگی ئەو دەبێت**

**گوێم لێیە دەگری. گریانی نەرم، وەک گریانی**

**ئاژەڵێکی بچووکە. گوێم لە دەنگی ئەو دەبێت. بەڵام زۆر خێرا بردیان. و پاشان کاتێک هاتنەوە ژوورەوە پێیان وتم کە منداڵەکەم بە مردوویی لەدایک بووە**

**بوو؟ من باوەڕم بە قسەکانیان نەدەکرد، چونکە گوێم لە گریانی بوو! هاوارم کرد، پارامەوە، بەڵام دووبارە و سێبارەیان دەکردەوە**

**ئەوان کردیان**

**گشت کاتێک**

**دوبارەو دوبارە**

**ئەو بە مردوویی لەدایک بوو!**

**بڕۆ بە دوای کارت دا، ژنەکە، ئەو منداڵەی کە باسی دەکەی دوای تۆ ناشتمان!**

**زۆر بچووک بوو**

**لاواز**




**تەنانەت ،تەنانەت مەرجی دایک بوونیشت نییە!**

**ناچار بوون زیندانیم بکەن. لەوێ، لە تاریکیدا، پاتریشیا**

**من**

**بێدەنگ و ئارام بوومەوە.لە دڵی خۆمدا دەستم کرد بە وتنی بەڵێ مردووە**

**ئی تر**

**نییە**

**لە هیچ شوێنێک، منداڵ نییە ونەماوە**

**لەبیری بکە**

**ناتوانێت**

**نا**

**هیچ بەکەێت .**

**دوای ماوەیەک ئێمەیان ڕاکێشایە دەرەوە. گرووپێک بووین، کردنیانەپشت ماشێنێکی**

**ون، بە چاوی داخراوەوە. پێشتر هەرگیز نەیاندەهێشت قسە لەگەڵ یەکتر بکەین، بەڵام لەوێ**

**بۆچی، لەوێ؟ خۆمان بە یەکتر ناساند، گوتمان خەڵکی کوێین؟ هەندێکیان دووعایان دەکرد یان دەگریان. هەندێکیان بێدەنگ بوون. لە قووڵکێکی ناوەڕاستی دارستانەکەدا تەقەیان لێکردین. لە ژێرهەنگاوەکانی ئێمە دەنگی گەڵا وشکەکان دەهاتن. تیشکی خۆر کە هەندێک جار هەستی پێدەکرا. بۆنی خۆڵی تەڕ.**

**لەوێ ،لەوخوارەوە، لە نیوخۆڵەکەدا، بیرم هاتەوە**

**هەمیشە لیوا« ئێرنێستۆ نابیا سان خوان»م لەبیرە**

**. ئەو کاتە گۆرانیم دەوت. ئەو گۆرانییە**

**دیتریش کە ناچاری کردم لەبەری بکەم.**

**( مۆسیقای لیلی مارلین چرپە دەکات).**




## دیمەنی سێزدەهەم

(فەزای پیرەمێرد و فەزای تاقیگە، کە تا ئێستاش جیاوازن.

تاقیگە لە تاریکی و ڕووناکی دایە؛

ئێمە ڕەشیایی ئێعدامیی دەبینین بەرەوناوچەی پیرەمێردەکە سەیر دەکات.

ئەم ناوچەیە کەمێک فراوانترە؛ جگە لەو مۆبیلیاتانەی کە بینیومانە، کۆشکێکیش هەیە کە وێنەی خێزانی لەسەرە

دەتوانرێ ببینرێت

لەسەر مێزەکە سینییەک کە کۆزەیەکی لیمۆ و هەندێک پەرداخی تێدایە. هەروەها ئامێری تۆمارکردنی دەنگی هەیە کە گفتوگۆکە تۆمار دەکات.

پیرە پیاو وئیستبان لەوێ دانیشتووە. .

پیرەمێرد سەرقاڵی سەیرکردنی وێنەکانی ئێعدامییە کە ئیستبان هێناویەتی.

دوای چەند ساتێک پیرەمێرد چاویلکەکەی دادەکەنێد وسەیری ئیستبان دەکات.)

**پیرەمێرد:** بیرم نییە نەخێر. من داوای لێبوردن دەکەم. زۆر کەس هاتنە ئەوێ.

**ئیستبان:** بۆ ماوەیەکی تاڕادەیەک درێژ دەستبەسەر کرابوو. نزیکەی دوو ساڵ.

**پیرە پیاو:** چۆن دەزانی؟

**ئیستبان:** کەسانێک هەن یادەوەرییان بەقەد یادەوەری تۆ خراپ نییە.

**پیرە پیاو:** نابێ گرنگی بە هەموو قسەکانیان بدەیت.

**ئیستبان:** مەبەستت چییە؟

**پیرەمێرد:** حەزت لە پارچەیەک ئاوی لیمۆیە؟

**ئیستبان:** نەخێر، سوپاس.

**پیرە پیاو:** (خزمەتی خۆی دەکات.) دەمتوانی شتێکی ترت پێشکەش بکەم، بەڵام ئێمە تەنها لە ماڵەوە لیمۆ دەخۆین.دارێکی لیمۆم هەیە. کاتێک هاتیتە ژوورەوە بینیوتە؟

**ئیستبان:** من سەرنجم نەدا.




**پیرە پیاو.- (دوای قووتێک خواردەوە) سەیرکە. با لەگەڵت ڕاستگۆ بم.. کەواتە، ئەگەر بتەوێت دەتوانیت لە ڕیپۆرتاژەکەتدا بەکاری بهێنیت.دەزانم چی ڕوودەدات. من ڕۆژنامەکان دەخوێنمەوە. ئێستا، ئادەم و جیهان کۆکرانەوە بۆ ئەوەی حوکم لەسەر ئەو شتانە بدەن کە ڕوویدا. وە درۆیەکی تەواوەتییە لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاو دەکەن.**

**ئیستبان: تۆ تیرە بارانت کردووە ، هیچ گومانێک لەوەدا نییە.**

**پیرە پیاو: باشە، من ئەوەندە دڵنیا نیم، ڕەنگە یەکێک لە پیاوە کانی خۆی کوشتبێتی. بەڵێ. بەم شێوەیە سەیرم مەکە. ئەم شتانەش ڕوویان داوە.**

**ئیستبان: ئەو تەنها مامۆستا بوو. هیچ پەیوەندییەکی بە...**

**پیرە پیاو: ڕەنگە بە جۆرێک هاوکاریان کردبێت. هەندێک لە خەڵکی مەدەنی ئەم کارەیان کرد. چەکیان نەبوو، بۆمبیان نەچاند، ڕاستە.بەڵام لە دەرەوە پشتگیری توندوتیژییان دەکرد. هەڵاتووەکانیان داڵدەدا. ئەوان نێوەندگیرییان دەکرد... سەیرکە دەزانم کەسانێک هەن دەیانەوێت کینە بگێرن. من لەم شتە تێدەگەم. ئازاری لەدەستدانی کەسێک... چۆن تێناگەم؟ هەروەها دارەکەیم خواردوە، منیش ئازیزم لەدەستداوە. هاوڕێیانم، هاوکارەکانم... بەڵام ئەوەی ئێستا چیرۆکەکە دەگێرنەوە و تۆ لە میدیاکان باڵ و پەڕیان پێدەدەیت، پێم وایە ئەمە کارێکی خراپە.ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە. بۆچی بۆ هەمیشە دۆسیەکە یەکلایی نەکەینەوە؟**

**ئیستبان: مەبەستت ئەوەیە لەبیری بەرینەوە؟.**

**پیرەمێرد: مەبەستم ئەوەیە با قبوڵی بکەین کە ئەم چیرۆکە بۆ کەس ئاسان نەبوو. هەرچی ڕوویداوە دەبوو بکرێت. ئێمەش هەروەها وەک سەرباز ئەرکمان هەبوو. هەرچەندە ئێستا درکی پێ ناکەیت. چونکە هێشتا زۆر گەنجیت.**

**ئیستبان: من تەمەنم بیست و حەوت ساڵە.**

**پیرە پیاو: ئێستا لە وڵاتێکی ئارامدا دەژیت، لە وڵاتێکی ئارامدا دەژیت کە خەڵک لە هیچ شتێک ناترسن. ئەم ئارامییە، ئەم ئاسایشە لە سایەی هەمان ئەو کارانەیە کە کردمان.**

**ئیستبان: چاوەڕێی سوپاسگوزاری من دەکەیت؟**

**پیرە پیاو: نەخێر. سوپاس نا . من تەنها ئەفسەرێک بووم کە ئەرکەکەم بەجێ هێناوە.**

**ئیستبان: بێگومان. (لەکاتی دەرهێنانی نامەکان.) ئەمانەشم هێناوە. بە سەبرەوە بیانخوێنەوە. من پەلە نیم.**

**(ئیستبان بەناو دۆشەکەکەدا دەڕوات. سەیری وێنەکانی ژوورەکە دەکات. پیرەمێردەکە چاویلکەکەی لەچاو دەکات و دەست دەکات بە خوێندنەوە، هەرچەندە.جاروبار سەری بەرز دەکاتەوە تا بزانێت ئیستبان چی دەکات. لە بۆنەیەکدا هەردوو نامەکە دەخوێنێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی گۆڕانکاری تێدا بێت. کاتێ تەواوی دەکات و چاویلکەکەی دادەکەنێت.)**

**پیرەمێرد.- تۆ پەیامنێر نیت، وایە؟**

**ئیستبان.- نەخێر**

**پیرەمێرد.- تێدەگەم... (تۆمارکەرەکە دەبات و دەیکوژێنێتەوە) کەواتە ئەمە چیتر پێویست نییە (دوای بێدەنگییەک.) ئایا بەڕاستی پێت وایە ئەوەی لێرەدا هاتووە ڕاستە؟**



**ئیستبان.-** بۆچی نابێت باوەڕیان پێ بکەم؟

**پیرە پیاو.-** چونکە تۆ هیچ بەڵگەیەکت نییە.

**ئیستبان.-** هەمووان دەزانن کە ئەم جۆرە شتانە ڕوویانداوە.

**پیرە پیاو:** هەمووان دەزانن کە ئەم جۆرە شتانە ڕوویانداوە.... واو ،پشتڕاستکردنەوەیەکی سەیرە. ئێمە خێزانمان هەبوو، ژن مان هەبوو، منداڵ مان هەبوو... بنەمایەک مان هەبوو کە دەبوو پەیڕەوی بکەین... بۆچی دەبێت ئەو جۆرە کارانە بکەین؟

**(لەکاتی پیشاندانی نامەکان).**

**سەیرکە، ناوت چییە؟**

**ئیستبان:** ئیستبان.

**پیرە پیاو:** بەڕاستی ئەوە ناوی تۆیە؟

**ئیستبان:** بەڵێ.

**پیرە پیاو:** بۆ فێڵت لێکردم ئیستبان؟ پێویست نەبوو. من بە هەمان شێوەش تۆم قبوڵ دەکرد. هیچم نییە بیشارمەوە.

**ئیستبان:** ئەم ژنە، ئەم پەرستارە، ئیرین، زیندووە، دەزانی؟ وە هەموو شتێکی لەبیرماوەتەوە.

**پیرەمێرد:** قسەت لەگەڵ کردوە؟

**ئیستبان:** بەڵێ.

**پیرە پیاو:** نازانم بەم هەموو شتانە دەتەوێت چی بەدەست بهێنیت.؟

**ئیستبان:** زانینی ڕاستییەکان.

**پیرەمێرد.-** ڕاستی؟ بەڵام تۆ پێت وایە ڕاستیەکان دەزانیت. تۆ باوەڕ بە قسەکانی من ناکەیت. تۆ ناتەوێت ئەمە بکەیت. وە دەزانی بۆچی؟ چونکە ئەمە چیرۆکێکی وردە. با لە ڕوانگەی خۆتەوە سەیری بکەین". من کوڕی جەلادی دایکمم. من قوربانیم. سەیرم کە، تەماشام بکە "کوڕی ئەهریمەنەکە. هەموومان حەز دەکەین وەک شەهید مامەڵە بکەین." بەڵام ببورن نەخێر هیچ کام لەم وشانە ڕاست نین.

**ئیستبان.-** بە پشکنینی DNA، لە هەر تۆمەتێک پاک دەبیتەوە.

**پیرە پیاو.-** هیچی ترم نییە بیڵێم. ئێستا سوپاست دەکەم لە ماڵەکەم بڕویت.

**ئیستبان.-** ناوێری؟ ئەگەر بەڕاستی هیچت نییە بیشاریتەوە...

**پیرە پیاو.-** (ساتێک بە ئارامی کەمتر لەوەی کە تا ئێستا نیشانی داوە.) من حەزم لە بەشداریکردن لەم یارییەدا نییە!

**ئیستبان.-** ئەگەر ناتەوێت بە ئارەزووی خۆت بیکەیت، دەتوانریت ناچارت بکەن...




**پیرە پیاو:** تۆ درۆزنیت! تۆ! تۆ پێت ناوەتە ئێرە ،ماڵەکەم و سووکایەتیت پێکرد! ئێستا... بۆ خۆت، ئێستا بوێری بە خۆت داوە ...لە ماڵەکەم بڕۆدەرەوە.

**ئیستبان.-** دڵنیام پارێزەرێک هەیە کە ئارەزووی بەدواداچوونی ئەم کەیسە دەکات. وەک وتت ئێستا خەڵک دەستیان کرد بە حوکمدان لەسەر ئەوەی چی ڕوویداوە. گەورەکان قسە دەکەن و بچووکەکان گوێیان لێدەگرن. (یەکێک لە وێنەکان لە کۆشکەکە وەردەگرێت.) هەم تەمەنی منە، وایە؟

**پیرەمێرد.-** بیخەوە سەر جێگای خۆی! (وێنەکە لە دەستی دەردەهێنێت).

**ئیستبان.-** ئەم کچە لەسەر ئەم نامانە دەتوانێت بیر لە چی بکاتەوە؟

**پیرە پیاو:** بانگی پۆلیس دەکەم.

**ئیستبان:** پێویست ناکات. من خۆم دەڕۆم.

**پیرە پیاو:** هەموو ئەمانەش لەگەڵ خۆت ببە. (ئاماژە بە وێنە و نامەکان دەکات).

**ئیستبان:** نەخێر. با لات بمێنێتەوە ئەوانە تەنها کۆپییە. من لەمانە زۆر زیاتر لە لا هەیە. ڕەنگە ئەگەر زیاتر سەیری وێنەکان بکەیێت، یادەوەریت بەهێزتر بێت.

**پیرەمێرد:** جارێکی تر نەیەتەوە بۆ ئێرە . ئەگر بزانم لە نزیک ماڵەکەی من یان خێزانەکەم...

**ئیستبان:** بۆ نموونە چی دەکەیت؟

**پیرە پیاو:** ئێرە نایەیتەوە. ئەمن جیددیم، من بەڕاستمە. هەوڵ مەدە تاقیم بکەیتەوە.

**(بۆ ساتێک ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە). پیاوەکە دەگەڕێتەوە سەر مێزەکەی، لە کاتێکدا ئیستبان بەرەو ناوچەی تاقیگەدەروات، ئێعدامیی لەوێە . هەردووکیان دەستیان دەخەنە سەر دڵیان، وەک کۆتایی دیمەنی نۆیەم.**




# دیمەنی چواردەهەم

**ئێعدامیی:( تۆمارکەری دەنگی پزیشکی دادوەری بە دەستەوەیە. دوگمەی دووبارەکردنەوە دەدات و گوێی لە دەنگی دەبێت.)**

**دەنگی پزیشکی دادوەری:( لە تۆمارە دەنگییەکە.)**

**کوشتنی کەسێک ئاسان نییە.**

**دەسەڵاتێکی زۆری دەوێت.**

**هەوڵێکی زۆر.**

**یادگە،**

**جەستە،**

**هەوڵ**

**بۆ ئەوەی لە مردن زیاتر بژین، ئەو کارە دەکەن.**

**پێویستی بە دیسپلینێکی زۆرە، هاوکارییەکی زۆرە.**

**(تا دەنگی لێبدرێت، پزیشکی دادوەری لە ئێعدامیی نزیک دەبێتەوە ودەست دەکات بە قسەکردنی ئەو دەقەی کە لە تۆمارکەرەکەوە دەژەنرێت).**

**پزیشکی دادوەری و دەنگەکەی لە تۆمارە دەنگییەکە: چونکە لەدەست ناچێت، دەبێت هەموو ڕۆژێک لەناوی ببەیت.**

**هەموو ڕۆژێک کە بەبێ ئاگاداری خێزانەکەی حبس دەکرێت.**

**هەموو ڕۆژێک دەیکوژن و بەبێ ناو و نیشانە دەینێژن.**

**هەموو ڕۆژێک کە گۆڕەکان بێدەنگ دەکرێن و بەخووڵ و قیر و ترس وفەراموشی دادەپۆشرێن تالەبیریان بچێتەوە.**

**هەوڵێکی زۆری دەوێت.**

**هاوبەشییەکی زۆر تا چەند هەزار کەس لە ناو بچن.**

**چەند دەست**

**چەند چاو**

**چەند دەمی قەرو قەپ گیراوو**

**پێویستە بۆ ئەوەی ئەوانەی لە ماڵەکانیان دەرهێنراون و هێشتا نەدۆزراونەتەوە، لە تاریکیدا بێ سەروشوێن بمێننەوە؟**




ئێعدامیی: (لەگەڵ ئەو دەنگانەی تردا.) چەند...

چەند...

دەمی بێدەنگ

وە بێدەنگی بۆ ئەو کەسانە پێویستە کە لە ماڵەکانیان دەرهێنران و تا ئێستاش نەدۆزراونەتەوە لە تاریکیدا بێ سەروشۆێن بمێننەوە؟

## دیمەنی پانزەهەم

هەموو فەزای شانۆکە بە ڕووناکی گشتی ڕووناک دەکرێتەوە.

ئێستا ناوچەی پیرەمێردەکە ئەوەندە گەشەسەندووە کە شانبەشانی فەزای تاقیگە.

شوێنێکی مامناوەند هەیە کە توخمەکانی لەگەڵ هەردوو جیهاندا تێکەڵ دەبن.

لەم شوێنەدا لە ئێعدامیی هەیە.

لە تاقیگەدا پزیشکی دادوەری ئەو توژینەوە کە لە کاتی لێکۆڵینەوەکانیدا تۆمارکراوە بۆ کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە.

بە درێژایی ئەم دیمەنە دەبینین ئەو پارچە دەقانە کەتۆمارکراوە کۆپی دەکات بۆ سەر مۆنیتەرێک.

بەم شێوەیە جار جار دەنگی تۆمارەکە بە دەنگێکی کەم دەبیسترێت.

لە ئێعدامیی و پیرە پیاوجیاوازە.

لەم نێوەندەدا پیرە پیاوەکە سەیری ڕاپۆرت ونامەکان دەکات کە ئیستبان لە فەزاکەی خۆیدا بۆی بەجێهێشتووە.

وا دیارە بە هێمنی سەیری ئەوان دەکات، بەڵام لەناکاو، لەگەڵ توڕەییەکدا دەیانبات، و، دەیاندڕێنێت. پاشان هەوڵ دەدات ئارام بێتەوە. بڕیارێک دەدات. بە وەسوەسەییەوە، پاشماوەکان هەڵدەگرێتەوە، پاشان لە سندوقێکەوە، ئەو بڕگانەی ڕۆژنامە دەبات کە لە دیمەنی یەکەمدا دەریهێناوە، و بڕگەکانی دیکە. لایتەرێک داگیرسێنێت و دەست دەکات بە سووتاندنی کاغەزەکان.

ئێعدامیی: لە تۆ ناچێت. ڕەنگە لە ڕووی فۆرمەوە

(لووت و دەمی نیشان دەدات)

بەڵام ئەگەر لەسەر شەقام بیبینیت هەرگیز نازانیت

نازانی کێ بوو. ئەوە نییە

عەقیدی ئازیزم؟

ئێستا عەقیدی

من لەناودا پێم سەیر نەبوو، تۆ سەربازێکی باش بووی.

)وچان.(

بۆ چی؟ بۆچی لەوێ بە من وت..

تۆ وات وت

کە مردووە..... بۆ چی؟ بۆ چی؟

درووو؟ئەوێش بەمن؟

وە لە هەتیوخانە بەجێت هێشت.

ئەو باپیرە و  دایەگەورەی هەبوو

**پیرە پیاو:** (کە بەردەوامە لە سووتاندنی کاغەزەکان. بەبێ ئەوەی سەیری بکات قسەی لەگەڵ دەکات.)من هیچ پەیوەندییەکم بەم بابەتە نەبوو.

**ئێعدامیی:** منداڵی تۆ بوو.

**پیرە پیاو:** لەوێ پاسەوانی زۆر لێ بوون.

**ئێعدامیی:**نەخێر  ئازیزم هیچیان نەیان دەوێرا. ئەوان لە تۆ دەترسان.

**پیرە پیاو:** ڕێزیان لێ دەگرتم. ئەمە تاکە ڕێگە بوو کە دەمتوانی فەرمانەکان دەربکەم بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێن، بەو پێیەی من جێبەجێکاری فەرمانەکان بووم.

**ئێعدامیی:**جێبەجێکردنی فەرمانەکان. ئایا تۆ تەنها   فەرمانەکانت جێبەجێ دەکرد؟ ئایا تۆ ئەمەت دەکەرد؟ جێبەجێکردنی فەرمانەکان؟

**پیرە پیاو:** (بۆ یەکەمجار سەیری دەکات.) ئێستا چیت دەوێت مارلین؟

**ئێعدامیی:** بەم ناوە بانگم مەکە.

**پیرە پیاو:** وەک هەمیشە بانگم کردی.

**ئێعدامیی:** من ناوم پاتریشیایە.

**پیرە پیاو:** پاتریشیا... هێشتا پێم وایە مارلین باشتر لەگەڵ تۆدا دەگونجێت.

**ئێعدامیی:** پاتریشیا. پاتریشیا لۆخان ئەلڤارێز. من. لەم وێنانەدا من! پێش هەموو ئەو شتانە. تەمەنی بیست و نۆ ساڵە. یەک مەتر و شەست و سێ.کرچ وکاڵ.

**پیرە پیاو:** ئێستا هەموو ئەمانە کە چی بێت؟ ئەوە ماوەیەکی درێژە. ئێستا چیت دەوێت؟ کە داوای لێبوردنتان لێ بکەم؟ ئایا ئەمەت دەوێت؟ ئەیکەم،ئەوەی دەبوو بیکەم کردم. نازانم تۆ بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟




**ئێعدامیی :هەموو ؟ هەموو شتێک کە دەبوو بیکەیت/ هەموو/ هەموو فەرمانەکان بوون؟ کێ فەرمانی کردیت / کێ / ئەو کارە لەگەڵ من بکەی؟کێ؟**

**پیرە پیاو: هەرگیز ئازارم نەداوی.**

**ئێعدامیی: ترس. ترسە/ ترس دەتکاتە شتێکی تر/ کەسێکی تر/ بۆ ساتێک؛ دەنگی قوفڵی دەرگاکەت لەبیرە؟ ئەو دەنگە وشکە،بێدەنگی من، چاوەڕوانی، نەمزانی چ دەکەی،نەمزانی چی بکەم. هێواش. مردووترین حاڵەتی مومکین، وەک بووکەڵەیەک.**

**پیرە پیاو: نەخێر. ئەمە وا نەبوو. تەنها ترس نەبوو. دەزانم هەموو شتێک چۆن کاردەکات. بۆ تۆ باشتر بوو کەسێک بتپارێزێت.**

**کەسێکی وەک من. وە سەرەڕای ئەمەش هەمیشە گوێڕایەڵی من بوویت. هەر بۆیە وات لێکردم زۆر هەست بە خۆشی بکەم.**

**ئێعدامیی: قوفڵەکان،ئەو دەنگە،قفڵەکان لە دەرەوە کلیلیان لێدرابوو، قوفڵەکانت کردەوە و داخست. لە دەرەوە.**

**پیرەمێرد.- ئەمانە هەمووی کەچی بێت؟! دەبوو سوپاست بکردایە! ئەگەر من لەوێ نەبوومایە، دۆخەکە خراپتر دەبوو.بە چەند کەسێ دەستدرێژییان دەکردە سەرت.**

**چەندکەس پێکەوە، تێدەگەیت؟ بەڵام هەرگیز ڕێگەم نەدەدا ئەوە ڕووبدات. چونکە تۆ... تۆ تایبەتیت بۆ من... هەموو شتێک لەگەڵ تۆ دا ئاسان بوو... لەگەڵ تۆئاسان بوو... (لێی نزیک دەبێتەوە. پێدەچێت بییەوێت نازی بکات.)**

**ئێعدامیی: (بە هێمنی، بێ ئەوەی بیگێڕێتەوە دواوە). لەبیرت نەچێت عەقیدی ئازیزم. لەناو**

**(دەست لە جەستەی دەدات).**

**هەموو شتێک لەم ناوەدایە. و لە نیو تۆدا**

**دەبێت ئە لەوێ دا هەڵت گرتبێت.**

**(دەست لەسەری دەدات).**

**ئەمە هەرگیز ناسڕێتەوە.**

**قوفڵی دەرگاکە و پاشان دەنگی هەنگاوەکانت.**

**تۆ سەیری منت دەکرد.**

**بیرت دێ**

**وەک ئاژەڵێکی بچووک لە گۆشەیەکدا دادەنیشتم.**

**لەوانەیە ڕاکشابێتم.**

**تۆ بۆ ساتێک ئارام دەمایەوە و سەیری منت دەکرد.**

**تۆ بڕیارت دەدا ئەمڕۆ چ یارییەک بکەیت.**

بۆ تۆ یاری بوو

یان کات بسر بردن

که بزانی تا چەند دەتوانم بڕۆم

یا بزانی  کاردانەوەم چۆنە

نیشان دەدات، با بزانین.

سەیری منت دەکرد و بڕیارت دەدا ئەمڕۆ چی بکەیت.

دەتوەت هەستە

هەستە و وەرە ئێرە.

من حەزم لە بۆنت نییە

تۆ پێت دەگوتم خۆت لێبدە.

عەترێک   و قەڵەمێکی سوور لە گیرفانت دەردەهێنا و خۆت دەت کێشایەوە، پاشان ئارام دەبوویتەوە

تۆ تفەنگەکەت دەردەهێنا،

بەدڵتە؟

ئەوە بیە

دەتەوێت بەکاری بهێنیت؟

وەرە دەستی لێ بدە، بەم شێوەیە بیکەرەوە... ئارام بیگرە.

تامەکەیت بەدڵە؟

وە لە ناوەوەم دا هەستم بە ساردی کرد و دەستم کرد بە لەرزین.

پرە!

پێت دەگوتم

ئەوەندە جووڵە جووڵ مەکە پرە و دواتر تۆ

دەچوویتە ژوورەوە و دەمانچەکە لەناو...

ئێستا خۆت هەڵبشێوێنە



ئێستا ،بە نەفرەت بێ ؛زۆر باشە کەس لە تۆ خێراتر نییە

تامی ترش ... کاتێک دەڕژێتە ناوت

... لە...

وە هێڵنج بە دوای هێلنج ...

ئاگاداربە بە سەرم دا نەڕشێتەوە

وە دووبارەکردنەوەی

من بە خۆمم دەوت

من نیم،

من نیم!

هی من نییە

هیچ، من دوورم

شوێنێکی تر

من من نیم

من لێرە نیم!

وە لەکوێ

تۆ دەڕۆیشتیت، ویستم بە تەواوی خۆم لابیەم، تەنانەت ئاویش نەبوو بۆ ئەوەی خۆم بشۆم، و ناچار بووم بەرگەی تام و چێژ و تفکردنت بگرم.

تف

ئەو کردی!

بەڵام تامت دەمێنێتەوە.

ئەی زۆڵ!

تامی تۆ!

زۆڵی حەرام زادە!




**ئێعدامیی:( بە هاواری "حەرام زادە،حەرام زادە،" لە پیرە پیاوەکە دەدات و ئەویش، بە چەقبەستوویی، بەرگری لە خۆی دەکات و هەوڵدەدات خۆی لە مستەکانی ڕزگار بکات. ئێعدامیی وردە وردە هێزی لەدەست دەدات و ڕازی دەبێت. پیرەمێردەکە بۆ ساتێک لە باوەشی دەگرێت، وەک ئەوەی بیگرێت، بەڵام ژنەکە لەگەڵ توندوتیژییەکەی بەجێدەهێڵێت و لێی دوور دەکەوێتەوە.)**

**ئێعدامیی: نەخێر.**

**(پزیشکی دادوەری: نوسینی ڕاپۆرتەکەی تەواو کردووە.)**

**پزیشکی دادوەری: کۆتایی هاتووە.**

**(ئێعدامیی: بۆ ساتێک سەیری پیرەمێردەکە دەکات و پاشان ڕوو دەکاتە ناوچەی تاقیگە).**

**پیرە پیاو: چاوەڕوان بە!**

**ئێعدامیی: (لە پزیشکی دادوەری نزیک دەبێتەوە. ئەو ڕاپۆرتە لەسەر کۆمپیوتەرەکە دەبینێت.)**

**پیرە پیاو: مارلین! من یارمەتیم دای! مارلین!**

**ئێعدامیی: (ناونیشان بۆ دکتۆر.) سوپاسگزارم.**

## دیمەنی شانزەهەم

**تاقیگەی پزیشکی دادوەری. ئێعدامیی و پزیشک. پزیشکەکە، لەکاتی قسەکردندا، سندوقێک لەسەر زەویەکە هەڵدەگرێت، و دەست دەکات بە دانانی ئێسکی تێدا. کاتێک باس لە کەڵەسەر دەکرێت، بە وریاییەوە دەست لە کونە گەورەکەی فۆنتانێلەکە دەدات. تا ئەو کاتەی پزیشکەکە ئێسکەپەیکەرەکە کۆدەکاتەوە ،دەیبات و لەناو سندوقەکەدا دەیهێڵێتەوە، ڕووناکی سەر ئێعدامیی بەڕوو کزبوون دەڕوات و جەستەی هێواش هێواش لە بەر چاومان نامێنێت.**

**پزیشکی دادوەری: ئێستا ئیستبان بەدوای تۆدا دێت. خێزانەکەت پرسە یان بۆ داناوێت . لە تابوتێکی ڕاستەقینەدا دەتنێژن، شوێنێک کە کوڕەکەت بتوانێت گوڵ بخاتە ژووری سەرت. ڕازیت؟**

**ئێعدامیی: نازانم.**

**پزیشکی دادوەری.- بەردێکی گۆڕ کە ناوی تۆی لەسەرە دادەنرێت. تۆ چیتر ئێعدامیی نەناسراوی ژمارە دوانزە نیت.**

**ئێعدامی - لەوێ**

**لەوخوارەوە**

**لە نیو خاک دا**

**دەنگی ڕووبارێک دەبیسترێت.**

زۆر ژاوەژاوی نییە.

ئەم دەنگەی دروست کرد، دەنگی ئاو کاتێک دەڕژێت.

کاتێک من لەوێ بووم

لە نیو تاریکی

خەیاڵم دەکرد کە چی ڕوودەدات

چیم بەسەر دێت؟

( وشەکە نادۆزێتەوە، دەست لە جەستەی دەدات).

من بە خەیاڵمدا هات کە چۆن ڕیشەی ڕووەکەکان وردە وردە هەڵیدەمژێت، بەرز دەبێتەوە، وردە وردە، دواتر بەرەو گەڵاکان بەرز دەبێتەوە.

لەوێ لە گەڵاکاندا سەرەتا هەوا هەیە و دواتر باران دەبارێت.

بارانێک کە بە هێواشی دەبارێت، دەنگی زۆر نزیکە.

خۆشمویست

بیهێنە بەرچاوت کە ئەمە...

(دیسان سەیری جەستەی خۆی دەکاتەوە).

ئەوانەی بوونەتە تۆزی بێ ناو تێکەڵ بە ئاو دەبن

/ ئەم ئاوە هەمیشە دابەزیوە

دەخلیسکێت.

گشت کاتێک.

وە هەمووومان لەگەڵ خۆیدا دەبات

/ هەمووومان پێکەوە

خولاندنەوەی ڕەوڕەوە،سوڕان سوڕان

بەرو دەریا

(ڕووناکییەکە بە تەواوی لە ئێعدامیی کاڵ دەبێتەوە.

پزیشکی دادوەری دانانی ئێسکەکان لەناو سندوقەکەدا تەواوو کردوە.



دایدەخات.

شریتی لێدەدات

لە کاتێکدا دەزانێت ئەم کردارەماڵئاواییە.

پاشان دەیخاتە لایەکەوە،

لە گۆشەیەکدا

بۆ ئەوەی ئیستبان شوێنی بکەوێت.

دوای ساتێک دەچێتە بەشێکی تری تاقیگە.

ڕەنگە لایەنی یەکەم

دۆشەکە، و سندوقێکی نوێی لێ دەردەهێنێت.

ئامادەیە بۆ کردنەوەی.

## تاریکی کۆتایی

**نمایشێکی بەهێز:**

https://www.youtube.com/watch?v=hXzyE٨wApMw



**Gracia Morales**